# شکستی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان: هۆکاری یاسایی و سیاسی

**دانا چراغ افندی***

وشە کلیلییەکان: ڕیفراندۆم، مافی چارەی خۆنوسین، جیابونەوە، گەلانی نیشتمانی، هەرێمی کوردستان.
https://doi.org/10.31271/jopss.10130

**پوختە**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، شیکردنەوەی بۆ هۆکارە سیاسی و یاساییەکانی شکستی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان(٢٠١٧) دەکەین، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا باسی سەرهەڵدانی چەمکی مافی چارەی خۆنوسین و چۆنیەتی گەشەکردنی ئەم چەمکە دەکەین، پاشان ناساندن بۆ کەسایەتیە سەرەکیەکانی خاوەن ئەم مافە دەکەین بە تایبەتی بۆ گەلانی نیشتمانی و کەمینەکان لە چوارچێوەی یاسایی نێودەوڵەتی و هەرێمی کوردستان وەك نمونەی پەیوەندیدار بەم کێشەیەوە ناونیشانی سەرەکی لیکۆڵینەوەکەمانە. هەروەها ڕەوایەتی ئەرگۆمێنتەکانی هەردوو لایەنی ناکۆک—هەرێمی کوردستان و حکومەتی بغداد—بە پێودانگی(معیاری) یاسایی ناوخۆی و نێودەوڵەتی هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، لە پێناو گەیشتن بە ئەنجامێکی زانستی. لە لایەکی ترەوە، ڕۆڵ و کاریگەری نێودەوڵەتی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە تەوەرێکی سەرەکی و یەکلاکەرەوە دانراوە، پاڵپشت بەو پێشینەی کە لە ڕابردو و ئێستادا دەبینرێت بۆ دیاریکردنی چارەنوسی گەلان، لەبەرچاو نەگرتنی ئەو ڕۆڵە وەك هۆکاری شکستی پرۆسەکە دەستنیشان کراوە، کە هاوسەنگی هیزی سەربازی و دەستبەسەرداگرتنی "خاك" ی گۆڕیوە لە بەرژەوەندی حکومەتی بغداد و بارودۆخیکی نوێ دروست کردوە کە قەرەبوکردنەوەی زۆر سەختە.

**ملخص**

**فشل استفتاء إقليم كردستان: أسباب قانونية وسياسية**

في هذا البحث بغية تحليل الاسباب السياسية والقانونية لفشل استفتاء اقليم كوردستان العراق لسنة (٢٠١٧) نتكلم عن بداية ظهور مفهوم حق تقرير المصير وكيفية تطور هذا المفهوم، ثم نتعرف على الشخصيات الرئيسية من اصحاب هذا الحق بالاخص للشعوب الوطنية والاقليات في اطار القانون

* ماستەر لە یاسای نێودەوڵەتی/ زانکۆی کۆمپلیتێنسی مەدرید dana1982derecho@gmail.com

الدولي واقليم كوردستان كمثال متعلق بهذه الاشكالية والذي هو العنوان الرئيسي لبحثنا هذا، وكذلك مشروعية جدال الطرفين المتنازعتين_اقليم كوردستان وحكومة بغداد_حسب معايير القوانين الداخلية والدولية والتي تم تقييمها بغية الوصول الى نتائج علمية. من ناحية اخرى معتبراً الدور والتأثيرات الدولية في هذا البحث من المحاور الاساسية والحاسمة، بالاستناد الى المقدمات التي بانت فيما سبق وفي الوقت الحالي لتحديد مصير الشعوب، وعدم الاخذ بنظر الاعتبار لهذا الدور والذي تم تشخيصه كسبب اساسي لفشل هذا المشروع، والذي غيرموازين القوة العسكرية والسيطرة على الارض لصالح حكومة بغداد حيث صنعت وضعاً جديداً من صعب جداً تعويضهاً .

## Abstract

**Failure of the Kurdistan Regional Referendum: Legal and Political Reasons**

In this study, we analyze the political and legal reasons for the failure of the referendum in the Kurdistan Region (2017). For this purpose, we first discuss the emergence of the concept of self-determination and how this concept developed Minorities in the international legal framework and the Kurdistan Region as examples related to this issue serve as the address of our research. The legitimacy of the arguments of both parties to the conflict—the Kurdistan Region and the Baghdad government—has also been assessed according to domestic and international law standards, in order to reach a scientific conclusion. On the other hand, the role and influence of the international community is considered a major and decisive theme in this study, based on the past and present precedent for determining the fate of nations. has changed in favor of the Baghdad government and its situation has created new situation that is very difficult to compensate for.

## پێشەکی

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر ئەو بنەما یاسایی و بەرژەوەندە سیاسیانەی بنیاتنراوە کە لە لایەن بەهێزترین کەسایەتی یاسای نێودەوڵەتی—دەوڵەت—داڕێژراوە و پێکەوە سیستەمێکی هاوبەشی دروستکردوە، بۆ چونە ناو ئەو سیستەمە لە لایەن کارەکتەرێکی نا دەوڵەتیەوە، پێویستی بە ڕەزامەندی گشتی یان بەلایەنی کەمەوە هیزە کاریگەرەکانی ناو ئەو سیستەمە هەیە لە پێناو تێك نەدانی ئاسایش و دروست نەکردنی مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانە، کاراکتەرە ن،وێیەکان ناتوانن بچنە ناو سیستەمەکە و پەسەند ناکرێن و هەوڵەکانیان تووشی شکست دەبێت.

لە چوارچێوەی ئەو کۆنتێکستەدا، مەرجە هەرهەوڵێک کە ئەدریت بە ئاڕاستە چونە ناو سیستەمەکە، ڕەچاوی پاراستنی بەرژەوەندییەکان و ئاسایشی نێودەوڵەتی بکات بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت. هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧، لە ڕێگای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم—بە مەبەستی سەربەخۆی—وویستی وەک ئەکتەرێکی نۆێ بچێتە ناو ئەو سیستەمەوە، بەڵام ڕێگای پێ نەدرا و ڕووبەڕووی دوو ئاستەنگی گەورە بووەوە: ١. ئەو بنەما یاساییانەی کە ئەو مافە ڕێکدەخات. ٢. ئەو هەلومەرجە سیاسیە کە ڕێگە و ڕەزامەندی بە جێبەجێکردنی ئەو داخوازییە ئەدات، بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵینەوەکەمان ئەرکی دیاریکردنی ئەو دوو خاڵە لە ئەستۆ دەگرێت.

### گرنگی ئەم تۆێژینەوە:

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە شیکاری بۆ هۆکاری شکستی ڕیفراندۆمی هەریمی کوردستان(٢٠١٧) دەکات و ئەو خاڵانە دیاری دەکات کە کە هۆکاری سەرەکی بوون، بە تایبەتی ئەو بنەما یاسایی و سیاسیانەی کە ئەو مافە ڕیك دەخات بۆ گەلانی نیشتمانی لە ناو دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هەروەها دەتوانێت ببێتە کەرەسە و سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بۆ سود لێوەرگرتن و پێداچونەوە بە خاڵە لاوەزەکانی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان.

### گرفتی لێکۆڵینەوە:

پرسیاری سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەدا بریتییە لەوەی: ئایا گەلانی نیشتمانی لە دەروەی ڕێگەپێدانی یاسایی و سیاسی—ناوخۆی و نێودەوڵەتی— دەتوانن بە شێوەی یەکلایەنە جیاببنەوە لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟ ئایا ڕێفراندۆمی هەرێمی کوردستان(٢٠١٧) پاڵپشتی یاسایی و سیاسی هەبوو؟

### گریمانەی تۆێژینەوە:

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لێکۆڵەر ئەو گریمانەیە دەکات کە بڕیاردەرانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، کەوتونەتە ناو هەڵەیەکی گەورەی ستراتیژییەوە کە ئالنگاری بووە بۆ دەستوری عێراق و سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەمەش بیانوی داوە بە دەوڵەتی عێراق پاڵپشت بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پلانی دەست بەسەرداگرتنی "خاک" لەو ناوچانەی جێبەجێ بکات

کە لەڕووی مێژووییەوە خاکی کوردستانن و لە ڕووی دەستورییەوە ناوچەی کێشە لەسەرە، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە لە لایەن هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵکرابوو.

**میتۆدی لێکۆڵینەوە:**

بۆ گەیشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمان وهەڵسەنگاندنی ڕێفراندۆمی هەرێمی کوردستان(٢٠١٧)، سود لە میتۆدی وەصفی وەرگیراوە بۆ ڕونکردنەوەی چەمک و ڕەهەندەکانی تایبەت بەم بابەتە، هەروەها بە مەبەستی شیکردنەوەی بارودۆخ و ئاڵنگارییەکانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان پەنا بۆ میتۆدی شیکاری ڕاڤەکردن براوە بۆ شیکردنەوە و گەیشتن بە دەرئەنجامەکانی پەیوەست بەم بابەتە.

**پەیکەری تۆیژینەوە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە دابەشکراوە بەسەر سێ باسی سەرەکیدا، لە باسی یەکەم، لایەنی تیوری مافی چارەی خۆنوسین باسکراوە لە گەڵ ئەرگۆمینتەکانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق پەیوەست بە پرسی ڕیفراندۆم و جیابونەوە. لە باسی دووەمدا، باسی بارودۆخی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کراوە. لە باسی سێیەمدا، باسی هەڵوێست و کاردانەوەی دەوڵەتانی دراوسی عێراق کراوە لە گەڵ هەڵسەنگاندنی پرۆسەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان.

ئامانجی ئەم تۆیژینەوە، گەیشتنە بەو ئەنجامەی کە: مافی چارەی خۆنوسینی گەلان لە شێوەی جیابونەوەدا بۆ گەلانی نیشتمانی، تاکو ئێستا نەبۆتە بنەمایەکی(قاعدە) پابەندکەر لە یاسایی نێودەوڵەتیدا، هەروەها ئەم چەمکە تیکەڵ بووە بە بەرژەوەندی سیاسی و جیوپۆلیتیکی دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، خواستێکە ناتوانرێت بە شێوەی یەکلایەنە بڕیاری لەسەر بدرێت، پێویستی بە ڕەزامەندی گشتیە.

## باسی یەکەم:

## مافی چارەی خۆنوسینی گەلان و جیابونەوەی یەکلایەنە

ئەم باسە لە پێنج تەوەردا خراوەتە ڕوو: تەوەرەی یەکەم: چەمکی ماف چارەی خۆنوسینی گەلان؛ تەوەرەی دووەم: ماف چارەی خۆنوسینی گەلانی نیشتمانی؛ تەوەرەی سێیەم: هەرێمی کوردستان و ماف چارەی خۆنوسین؛ تەوەرەی چوارەم: ئەرگۆمێنتەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ڕێفراندۆم؛ تەوەرەی پێنجەم: ئەرگۆمێنتەکانی دەوڵەتی عێراق.

### تەوەرەی یەکەم: چەمکی ماف چارەی خۆنوسینی گەلان

ئەم چەمکە بۆتە دروشمی بەشێکی زۆر لە بزوتنەوە سیاسی و جەماوەریی ئەو گەلانەی کە سیستەمێکی ستەمکارنە فەرمانڕەوایەتیان دەکات لە ناو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا و داوای سیستەمێکی دیمکراتی دەکەن، هەروەها بۆتە خواستی ئەو گەلانەی کە لە ناو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەژین و دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان نی یە، هەر دووکیان ئیلهامیان لەو بیروباوەڕە وەرگرتوە کە دەڵێت: گەلان دەتوانن لە ڕێگای دەربڕینی خواست و ئیرادەیانەوە چارەنوسی خۆیان دیاریبکەن و سەروەری نەتەوەی مسۆگەر بکەن.

سەرووەری نەتەوە و ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵک، لە شۆڕشی ئەمریکا(١٧٧٨) و شۆڕشی فەڕەنسی(١٧٨٩) سەرچاوەدەگرن کە بوونە هۆکاری لە دیك بوونی پرینسیپی ناسیۆنالیستی—هەموو نەتەوەیەک دەوڵەتی تایبەتی خۆی هەبێت—پاشان دەرکەوتن و سەرهەڵدانی دەوڵەتی نوێ لە ئەوروپا، کە توانیان ئەو پەیوەندییانە بشکێنن کە پێشتر بە شێوازێکی یەکگرتوو لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی تردا بونیان هەبوو، بۆ نمونە بەلجیکا لە هۆڵەندا (١٨٣١) و یۆنان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی (١٨٣٢) جیا دەبێتەوە، هەروەها بە درێژایی سەدەی بیستەم لە ئەمریکای لاتین ژمارەیەک دەوڵەت، سەروەر و سەربەخۆیان بەدەستهینا کە پێشترکۆلۆنیاڵی ئیسپانیا، پورتوگال و بەریتانیا بوون (Espada, 2019, págs. 62-63). سەرجەم ئەو ئاڵوگۆرە سیاسیانەی ئاماژەیان پێکرا، دواتر خۆیان لە شێوەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمدا نمایش دەکرد، چەمکی ناسیۆنالیزمیش لە ڕەوتی گەشەکردنیدا تێکەڵ بوون و لێکچونێکی زۆری هەیە لە گەڵ چەمکی مافی چارەی خۆنووسین، ئەم خەسڵەتە وایکردووە بە درێژایی مێژوو جیاکردنەوەی ئەو دووانە کارێکی گران بێت، چونکە هیچ داواکارییەکی ناسیۆنالیستی نی یە کە مافی چارەی خۆنووسینی تێدا نەبێت، نە داواکاریەکی مافی چارەی خۆنووسین هەیە کە ڕەگ و ڕیشەی ناسیۆنالیستی تێدا نەبێت، وەک مایکل کیتینگ ئاماژەی پێدەکات.[..] "ناسیۆنالیزم عەقیدەی مافی چارەی خۆنووسینە" (Keating, 1996, p. 1).

مافی چارەی خۆنوسین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەم دەردەکەوێت، بەڵام لە ئاستی سیاسەتی فەرمیدا بۆ یەکەمجار لە لایەن حکومەتی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ڕاگەینرا، لە مەرسومێکدا دەربارەی ئاشتی لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩١٧دا بیروبۆچونی فەرمی دەوڵەتی بەم شێوەیە دەربڕی:"هەموو نەتەوەیەک، گەورە بێت یان بچووک، مافی ئەوەی هەیە بە تەواوی

خواستەکانی خۆی یان بۆ سەربەخۆیی یان بۆ بەردەوامبوون لەناو دەوڵەتێکدا دەرببڕێت". دواتر ئەم بانگەشە سیاسیە لە لایەن سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا—ویڵسن— بەرگری لێکرا (١٩١٨)، بە تایبەتی لەو ووتارەدا کە بە ووتارە چواردە خاڵیەکە ناسراوە، لە خاڵێکدا دەڵێ: "هەموو گەلان، کۆلۆنیاڵکراو یان کەمینەکان لە ئیمپراتۆریەتی نەمسا-مەجارستان و عوسمانی مافی چارەی خۆنوسینیان هەیە". بەڵام لە ڕووی کردارییەوە هەر دوو ڕاگەیناوی سەرەوە تەنها بۆ هەندێک لە گەلانی ئەوروپا چوە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆ نموونە: بوە هۆی لەدایکبوونی دەوڵەتی سربی-کرواتی کە لە ساڵی ١٩٢١ەوە ناوی گۆڕدرا بۆ یوگۆسلاڤیا، بەڵام بۆ گەلانی کۆلۆنیاڵکراو ئەم مافە جێبەجێ نەکرا و لە پەیمانی کۆمەڵەی گەلان (مادەی ٢٢) لە ژێر سیستەمی مەندات(ئینتیداب) مانەوە(١٩١٩)، هەروەها سەرجەم خاکە کۆلۆنیەکانی ئەڵمانیا و ئیمپراتۆریەتی عسمانی—شکستخواردووەکانی جەنگی یەکەمی جیهان— بەسەر سێ گروپدا (A,B,C) دابەشکران لە کیشوەرەکانی  ئاسیا و ئەفریقا و چەندین دوورگە لە زەریای هێمن(Espada, 2019, págs. 63-64) .

ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو تا جەنگی دووەمی جیهان، لە کۆتایی جەنگەکەدا و لە دروستکردنی ڕیکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان(١٩٤٥) لە پەیماننامەی ڕێکخراوەکەدا لە مادەی یەکەم بڕگەی دووەم (ئامانجەکان) ئاماژەیکردوە بە پێشخستنی پەیوەندی دۆستانە لە نێوان دەوڵەتان لەسەر بنەمای "ڕێزگرتن لە پرینسیپی مافی یەکسانی و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان". ئەم ئامانجە بوە هۆی سەلماندنی دیاریدەی کۆلۆنیالیزم و ڕێکخستنی ئەو ناوچانە لە شێوەی سیستەمی وەصایە(fiduciaria) لە مادەکانی( ٧٥-٩١)، هەروەها ڕێکخستنی بارودۆخی هەرێمە ناسەربەخۆکان(los territorios no autónomos) (مادەکانی ٧٣-٧٤) کە تایبەت بوو بەو ناوچانەی کە  کۆلۆنیاڵی ئەو دەوڵەتانە بوون کە لە جەنگی دووەمی جیهانی دا دۆڕابوون لە گەڵ ئەو هەرێمانەی کە دەکەوتنە ناو چوارچێوەی گروپەکانی (B و C) سیستەمی ئینتیدابی کۆمەڵەی گەلان[1]. جێبەجێکردنی ئەم مافە سنووردار بوو بە گەلانی ژێردەستەی ڕژێمێکی کۆلۆنیالیزم، پاشان لە بڕیاری(١٥١٤) لە١٤ی ی کانوونی دووەمی ١٩٦٠ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان[2] سنوردارکردنی ئەم مافە بۆ گەلانی کۆلۆنیاڵکراو پشتڕاست دەکاتەوە. بەڵام ئەوەی جێگای باسکردنە لە ساتەوەختی یەکەمەوە ئەم بنەمایە کەوتە ژێر سنووردارکردنی بنەمایەکی دیکە، ئەویش مادەی ٢ بڕگەی ٤ ی پەیماننامەکەیە، کە ئاماژەیە بۆ یەکپارچەیی خاک و سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەتەکان، بە واتایەکی تر مافی چارەنووسی گەلان

[1] لە سەردەمی کۆمەڵەی گەلان، لە ڕێگەی سیستەمی ئینتدابەوە هەموو کۆلۆنیەکانی ئەڵمانیا و ئیمپراتۆریەتی عسمانی بە شێوەی سەرپەرشتیکردن بە ناوی کۆمەڵەی گەلان لە لایەن هەندێک دەوڵەتی سەرکەوتووی جەنگەوە بەرێوەدەبران کە بۆ سێ گروپ پۆلێن کرا بوون: گروپی A (ناوچەکانی"خاک" پێشووی ئیمپراتۆریەتی عسمانی لە میزۆپۆتامیا، فەلەستین و سوریا و لوبنان)؛ گروپی B: لە کۆلۆنیەکانی ئەفریقای ناوەڕاست پێکهاتبوون (کامیرۆن، تانگانیکا، تۆگۆ، ڕواندا-بوروندی)؛ گروپی C: لە باشووری ئەفریقا و لە چەندین دوورگە لە زەریای هێمن پێکهاتبوو .(Espada, 2019, pág. 64)

[2] A/RES/1514 (XV).

نەدەکرا وەک بنەمایەک بۆ پرۆسەی جیابوونەوەی گەلانی کۆلۆنیاڵ نەکراو لێکبدرێتەوە (Cervera, 2019, pág. 133).

**تەوەرەی دووەم: مافی چارەی خونوسینی گەلانی نیشتمانی**

خاوەن مافی چارەی خۆنووسین "گەل"ە، چەمکێک کە لە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێناسە نەکراوە، بەڵکو لە لایەن قوتابخانە جیاوازکانەوە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە و چوارچێوەکەی دیاریکراوە، بەڵام لە پراکتیکی نەتەوەیەکگرتوەکاندا ئەوە سەلمێنراوە کە مەبەست لە گەلانی کۆلۆنیاڵکراو و دەوڵەتانی سەربەخۆیە (Lucía, 2014, pp. 33-34). لە دەرووەی ئەم چوارچیوەیە، یاسایی نێودەوڵەتی مافی چارەی خۆنووسین بە گەلانی نیشتمانی دەبەخشێت کە لە دەوڵەتێکی سەربەخودا دەژین، بەڵام بە ناوەڕۆکێکی جیاوازتر لە گەلانی کۆلۆنیالکراو (Espada, 2019, pág. 71). لەم ڕوانگەیەوە، لەسەر ئاستی تاکە کەسی مافەکانیان پارێزراوە لە چوارچێوەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بە شێوەی گروپ: ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکانە، بە تایبەتی ڕێکەوتننامەی ڕێگریکردن و سەرکوتکردنی تاوانی جینۆساید[1]، کە دان بەم ڕەهەندەی یاسایدا دەنێت کاتێک ئەو کردەوانە دەخاتە روو کە جینۆساید پێکدەهینن، پاشان مافی ئەوەیان بۆ دەسەلمێنێت کە نەبنە بابەتی ئەو کردەوانە، هەروەها ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەکی ڕەگەزی[2]،کە دەتوانرێت بە هەمان شێوە لێکدانەوەی بۆ بکەین (Chornet, 1998, p. 556). ئەمەش سەلمینەری ڕاستیەکە کە مافی چارەی خۆنوسینی گەلان بە یەکێک لە سەرەتایترین مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت (Espinosa, 2022, p. 633).

لەسەر ئاستی ناوخۆی، گەلانی نیشتمانی و کەمینەکان، مافەکانیان دەبێت پارێزراوبێت لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەی کە تیدا دەژین بە لەبەرچاوگرتنی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەی و کەلتوری و ڕیزگرتن لە بیروباوەڕیان، هەروەها دەبێت پلەیەکی دیاریکراو لە مافی خۆبەڕیوەبردنیان هەبێت و لە ژێر سیستەمێکی دیمکراسیدا بژین، لەبەر ئەوە کاتی باسی دیمکراسی دەکەین باسی سیستەمێکی سیاسی دەکەین کە داندەنێت بە مافەکانی تاک و کۆمەڵ، دیمکراسی تاکە ڕژێمە کە گەرەنتی "مافی بەدەستهێنانی ماف دەکات" بۆ هەموو تاکەکان، واتە لە ڕێگای بەدەستهێنانی مافی خۆبڕیاردانیانەوە دەتوانن باشترین ژیانیان هەبێت، چونکە لە دەوڵەتێکی لەم جۆرەدا دەوڵەت لە ڕووی ئەخلاقییەوە بێلایەنە (Segovia, 2020, pp. 90-91).

کەواتە، ئەو چوارچێوەی جیاوازەی کە مافی چارەی خۆنوسینی بۆ گەلانی نیشتمانی و کەمینەکان دیاریدەکات، بریتیە لەو فۆرمەی مافی چارەی خۆنوسین کە ناسراوە بە ڕەهەندی ناوخۆی مافی چارەی خۆنوسین، کە سنورداره لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتی تیدا دەژین، مافی پیادەکردنی جۆرێک لە خۆبەڕێوەبردنیان هەیە، بەو شێوازەی دەستور دیاریدەکات وەک ئەوەی دەستوری عیراق(٢٠٠٥)

[1] لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ پەسەندکرا.
[2] لە ٢٥ی ١٢ی ١٩٦٥ لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەندکرا.

فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستانی سەلماندوە یان دەستوری ئیسپانیا(١٩٧٨) ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمی کەتەلونیای سەلماندوە. بەڵام بە مەرجی ئەوەی جیاکاریان لە گەڵدا نەکرێت بەهۆی ڕەگەز، بیروباوەر یان ڕەنگەوە و گۆشەگیری نەکرێن لە بەشداریکردنی ڕاستەقینە لە ناو دەوڵەتدا، مامەڵەی یەکسانیان لە گەڵدا بکریت. بەڵام مافی جیابونەوەیان بۆ نەسەلمێنراوە، لەبەر ئەوە هەر هەوڵێک بە ئاڕاستەی جیابونەوە بدەن لە یەکەم وێستگەدا تۆشی بەربەستی پرینسیپی سەروەری و پاراستنی یەکپارچەی خاکی دەوڵەت و تێکدانی پرینسیپی پاراستنی ئاشتی و ئارامی نێودەوڵەتی دەبێتەوە کە لە مادەی ١ی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتوەکاندا وەك ئامانجی ڕێکخراوەکە دیاریکراوە و لە هەردوو بریاری ١٥١٤ ی ساڵی ١٩٦٠ و بڕیاری ٢٦٢٥ی ساڵی ١٩٧٠ ی کۆمەڵەی گشتی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان جەخت لەسەر کراوەتەوە(Gómez, 2019, págs. 82-83) .

بەڵام بە خوێندنەوەی جیاواز بۆ سەرچاوەکانی یاسایی نێودەوڵەتی جۆرێک لە مافی جیابونەوە بۆ گەلانی نیشتمانی و کەمینەکان دەسەلمێنرێت لە باروردخ و هەلومەرجێکی دیاریکراودا، ئەو سەرچاوەی کە پشتی پی دەبەسترێت بۆئەم بۆچون و ڕاڤەکردنە بریتیە لەبریاری ٢٦٢٥ (١٩٧٠)ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان، کە برگەیەکی تێدایە ناودەبرێت بە "برگەی پارێزگاری یان گەرەنتی" کە لە پەرەگرافی حەوتەمی بریارەکەدا[١] ئاماژەی پێکراوە و لە پراکتیکی نێودەوڵەتیدا بۆتە هۆی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نوێ بۆ گەلانی نیشتمانی لە ئەنجامی جیابوونەوەی یەکلایەنە وەک: جیابونەوە بەنگلادیش لە پاکستان، ئێریتریا لە ئەسیوپیا، کۆسۆڤۆ لە سربیا (Díaz, 2019, págs. 165-166).

کورتەی ڕاڤەکردنی ئەم بڕیارە ئەوەیە کە دەبێت: "دەوڵەت" حکومەتەکەی نۆێنەرایەتی سەرجەم دانیشتوانی دەوڵەتەکە بکات لەسەر بنەمای یەکسانی و جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنوسین بۆ سەرجەم دانیشتوان، بەبێ جیاوازیکردن لە نێوانیاندا و ڕەنگدانەوەی ئیرادەی دیمکراسی سەرجەم دانیشتوان بێت، لەم کاتەدا دەوڵەت مافی پاراستنی پرینسیپی یەکپارچەی خاکی هەیە (Pérez, 1999, pág. 107). بە پێچەوانەوە گەر "دەوڵەت" حکومەتێکی نوینەرایەتی ڕاستەقینە نەبێت و لەسەر بنەمای جیاکاری مامەڵە لە گەڵ دانیشتوانی دەوڵەت بکات، هەروەها ڕەنگدانەوەی ئیرادەی دیمکراسی گشت هاوڵاتیان نەبێت، لەو کاتەدا ناتوانێت بەرگری لە پرینسیپی پاراستنی یەکپارچەی خاک و سەروەری دەوڵەتەکەی بکات، ئەو برگەی کە پارێزگاری لە یەکپارچەی خاکەکەی دەکرد دەگۆڕێت بۆ ئەو برگەی کە ڕێگە بە جیابونەوە ئەو بەشەی خاکەکەی دەدات کە بۆتە جێگای سیاسەتی جیاکاری و پێشێل کردنی سیستەماتێکی مافەکانی مرۆڤ، ئەمەش وەک سزادانی دەوڵەت

[١] "نابێت هیچ کام لە برگەکانی پێشوو بەو شێوەیە تێبگەین کە ڕێگە ئەدات یان هاندانی کارێک دەکات کە ئامانجی شکاندن یان بێڕێزیکردن بێت بە تەواوی یان بەشێکی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتانی سەروەر و سەربەخۆ کە بەپێی بنەمای یەکسانی ماف و مافی چارەی خۆنووسینی هەڵسوکەوت دەکەن. ئەمەش بەخشراون بە حکومەتێک کە نوێنەرایەتی هەموو ئەو کەسانە بکات کە سەر بەو دەوڵەتەن، بەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەگەز، بیروباوەڕ و ڕەنگ".

لەئەنجامی ئەو ڕەفتارەی ئەنجامیداوە (López, 2016, pág. 279). بەڵام ئەم مافە مەرجدارە و پێداویستیەکانی تا ڕادەیەکی زۆر دیاریکراوە، وەك ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا. بەڵام کێشەی گەورەی ئەم بڕیارە ئەوەیە کە بۆ بەشێک لە بیریار و پسپۆڕانی یاسایی نێودەوڵەتی و حکومەتەکان ئەو بڕگەیە کە لەسەروە ئاماژەی پیکرا تەنها بنەمایەکی سیاسییە، لە ڕووی پراکتیکیەوە بە شێوەی ناهاوسەنگ پیادە دەکرێت و لەناو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکاندا زۆر بە سیاسی کراوە و نەبۆتە نۆرمێکی پابەندکەر(ملزم) لە یاسایی نێودەوڵەتی بەڵکو دەرئەنجامە، ئەو دەرئەنجامەش پێویستی بە ڕەزامەندی ئەوانی ترە(دانپیدانانی گشتی)، لە لایەکی ترەوە وەستاوە لەسەر بەرژەوەندی دەوڵەتەکانی پەیوەست بەم دۆسیە، وەک ئەوەی لە بارودۆخی کۆسۆفۆ و کریمیا بینرا. کاتێکیش ڕایەکی یەکگرتوی یاسایی دەربارەی ناوەڕۆکی بابەتێکی دیاریکراو نەبوو، چاوەڕونکراوە کە بە شێوەیەکی ئاسان بەرژەوەندی وولاتان کاریگەریەکی گەورەیان دەبێت لە پەسەندکردنی یان نکۆڵی کردنی مەرج و پێداویستیەکانی جێبەجێکردنی ئەو مافە (Unceta, 2014, pp. 121-126).

**تەوەرەی سێیەم: هەرێمی کوردستان و مافی چارەی خۆنوسین**

لەسەر ئاستی یاسایی نێودەوڵەتی، گەلی کورد—هەرێمی کوردستان— لە سیستەمی نەتەوە یەکگرتوەکاندا دیاری نەکراوە وەک گەلێکی کۆلونیاڵکراو و داگیرکراو—وەك ئەوەی لە پەیماننامە و بڕیارەکانیدا ئاماژەیان پێکراوە—بەڵکو پۆلینکارییەکەی دەکەوێتە چوارچێوەی گەلانی نیشتمانی و کەمینەکان. هۆکاری ئەم جۆرە پۆلێنکاریە ئەوەیە کە ئەندامەکانی ئەو نەتەوانە نیشتەجێ وهاوڵاتی ناو پێکهاتەی دەوڵەتێکی سەربەخۆن، بەڵام ئەو سەربەخۆیە تایبەت نی یە بەو نەتەوە، بەڵکو ئەوانیش بەشێکن لە پیکهاتەی دەوڵەتەکە و بە هۆکاری بونی ماوەیەکی زور لە پێکەوە ژیانیان بەیەکەوە، بە هۆکاری جیاوازی ئیتنیکی و کەلتوری، زمانی و مەزهەبی، بەهۆی بونیان لە خاکێکی دیاریکراودا، بەهۆی نەبونی زۆرینە لە ژمارەی هاونیشتمانیانی ئەو دەوڵەتەدا، بەهۆی بونی ئیرادەیان بۆ بەرگری و مانەوەی ناسنامەی نەتەوەیان، جیاوازن لە زۆرێنەی دانیشتوانی ئەو دەوڵەتە و ناسنامەی نەتەوەی خۆیان پاراستوە وەك کەمینەیەك لە ئاست زۆرینەی تری دانیشتوانی ئەو دەوڵەتە دەردەکەون (Unceta, 2014, p. 123). هەروەها لەسەر ئاستی یاسایی ناوخۆی، پێگەی یاسایی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی فیدراڵیدا دیاریکراوە، کە بە خواست و ئیرادەی خۆی دەستوری نوێ عێراقی پەسەند کرد(٢٠٠٥) لە پاش ڕوخانی ڕژیمی بەعس(٢٠٠٣). ئەم ڕاستیە تایبەتمەندییەکی جیاوازی داوە بە دۆسیەکەی، چونکە جیابونەوەی گەلانی نیشتمانی بەبێ ڕێگەپێدانی دەستوری، ئەو پرسە گرنگەیە کە بۆتە هۆی وروژاندنی چەند پرسیارێک کە پێویست دەکات وەڵام بدریتەوە کە خۆی دەبینێتەوە لە: ١. ئایا بەپێی یاسایی نێودەوڵەتی، سروشتی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلانی نیشتمانی چییە؟ ٢- ئایا یاسایی نێودەوڵەتی پێوەر و نۆرمی بۆ ڕێکخستنی پرۆسەکانی جیابوونەوە داناوە بۆ گەلانی نیشتمانی؟ **٣**- لە ململانێی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق، دەتوانرێت ڕەوایەتی(شەرعیەت) سیاسی بەسەر ڕەوایەتی یاساییدا زاڵبکرێت؟

بە گوێرەی یاسایی نێودەوڵەتی، سروشتی یاسایی مافی چارەی خۆنوسین سەرچاوە دەگرێت لە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتوەکان —مادەی١و٥٥—کە لە بواری جیبەجێکردندا سنوردارە بۆ ئەو

گەلانەی کە لە ژێر ڕژێمێکی نێودەوڵەتی وەک ئینتداب و وەصایە بەڕێوەدەبران—کۆلۆنیالیزم—دواتر لە بڕیاری ١٥١٤(١٩٦٠)کۆمەڵەی گشتی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان جیبەجیکردنی ئەم مافە بۆ گەلانی کۆلۆنیاڵکراو جەختی لەسەر کراوەتەوە، هەروەها لە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان بە تایبەتی: بڕیاری ١٥٤١(١٩٦٠)، کە تایبەتە بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنوسین بۆ ئەو هەرێمانەی کە سەربەخۆ نین لە مادەکانی (٧٣ و دواتر)ی پەیمانامەی نەتەوەیەکگرتوەکاندا دیاریکراون[١]، بە هیچ شێوەیەک باسی مافی چارەی خۆنوسینی گەلانی نیشتمانی یان کەمینەکان ناکات. پاشان لە بڕیاری ٢٦٢٥(١٩٧٠) جەخت دەکاتەوە لە پرینسیپی یەکسانی ماف و مافی چارەی خۆنوسینی گەلان وەک بنەمایەکی بنەڕەتی لە یاسایی نێودەوڵەتی و پاراستنی سەروەری و یەکپارچەی خاکی دەوڵەت[٢].

هەروەها لە مادەی یەکەم لە پەیماننامە نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسیەکان(١٩٦٦) باسی مافی چارەی خونوسین بۆ سەرجەم گەلان دەکات[٣]. بەڵام لە بڕگەی ٣ ی هەمان مادده ئاماژە بەوە ئەدات کە: دەوڵەتانی ئەندام لەم پەیماننامەیەدا، ئەو دەوڵەتانەی بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی ناوچە نا سەربەخۆکان و ئەو ناوچانەی کە لە ژێر سیستەمی وەصایەدایە، دەبێت جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنووسین بەرەوپێش بەرن بە گوێرەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەمەش جۆرێکە لە سنوردارکردنی ئەم مافە لە چوارچێوەی گەلانی کۆلونیالکراو و ئەو گەلانە کە لە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتوەکاندا دیاریکراون وەک ئەو ناوچانەی کەسەربەخۆیان وەرنەگرتوە و لە ژێر بەڕیوەبردنی نێودەڵەتیدان، هەروەها بە مانای ئەوە دێت کە ئەم مافە سنوردارکراوە لە ژێر پرینسیپی سەروەری و یەکپارچەی خاکی دەوڵەتەکان(مادەی ٢ بڕگەی ٤)[٤]. بەتایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە لە ٢٣ی ئازاری ١٩٧٦دا کە ڕۆژی چوونە بواری جێبەجێکردنی پەیماننامەکەیە، پرۆسەی نەهێشتنی کۆلۆنیالیزم بە کردەوە کۆتایی هاتبوو (Cervera, 2019, pág. 135). کەواتە جگە لەو بارودۆخانەی لەسەرەوە باسکرا، یاسایی نێودەوڵەتی فۆرمێکی جیاواز تری نی یە بۆ ڕێکخستنی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلانی نیشتمانی. بە هەمان شێوە، یاسایی نێودەوڵەتی بۆ پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە شێوەی جیابونەوەدا، نۆرمێکی دیاریکراو نی یە کە ئەو بابەتە ڕێکبخات، بەو پێیەی کە دیاریکردنی ئەو پرسە پەیوەستە بە کایەی یاسایی ناوخۆیی دەوڵەتەکانەوە، لە گەڵ ئەوەی کە یاسای نێودەوڵەتی کۆمەڵێک بنەما و نۆرمی یاسایی دادەمەزرێنێت کە پێکەوە چوارچێوەیەکی

[1] A/RES/1541(XV).

[2] A/RES/2625(XXV).

[٣] هەموو گەلان مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە بە هۆی ئەم مافەوە بە ئازادی پێگەی سیاسی خۆیان جێگیر دەکەن و هەروەها گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆیان دابین دەکەن.

[٤] ئەندامانی ڕێکخراوەکە، لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیاندا، خۆیان بەدوور دەگرن لە پەنابردن بۆ هەڕەشە یان بەکارهێنانی هێز لە دژی یەکپارچەیی خاک یان سەربەخۆیی سیاسی هەر دەوڵەتێک، یان بە هەر شێوازێکی دیکە کە لەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناگونجێت.

یاسایی دروست دەکەن کە دەبێت لە ئاستی ناوخۆیدا جێبەجێ بکرێت، لە ناو ئەو بنەمایانەدا گرنگترینیان بریتین لە: ١. یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتان؛ ٢. دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی؛ ٣. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێز؛ ٤. ڕێزگرتن لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لەوانەش مافی کەمینەکان (Cervera, 2019, pág. 138).

لەبەر ئەوەی مافی چارەی خۆنوسین پرسێکی گشتگیرە—یاسایی و سیاسی[١]— بەبێ ڕیکەوتن و ڕێگەپێدانی دەستوری ناتوانرێت یەکلایەنە بریاری لەسەر بدرێت، ناتوانریت ڕەوایەتی سیاسی بەسەر ڕەوایەتی یاساییدا زاڵ بکرێت، وەك ئەوەی بینرا لە بارودۆخی دەوڵەتی سۆدان و باشوری سۆدان، پاش چەندین ساڵ جەنگ لە نێوانیاندا، لە کۆتایدا بە ڕیکەوتنی (نیفاشە) کۆتایی بە ناکۆکیەکە هات، هەردوو لایەنی ناکۆك سەرەتا لە ڕووی سیاسیەوە ڕێکەوتن کە هەمواری دەستوری سۆدان بکرێت کە ڕێگە بە ریفراندۆم بدات، پاشان لە ڕووی یاساییەوە ڕێکەوتنە سیاسیەکە جێبەجێکرا و دەرئەنجام لە ساڵی ٢٠١١ باشوری سودان لە دەوڵەتی سودان جیابووە. کەواتە بۆ ئەوەی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم و جیابونەوەی هەرێمی کوردستان ڕەوایەتی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەربگرێت پێویستە یەکەمجار ڕەوایەتی(شەرعیەت) لە یاسایی ناوخۆی دەوڵەتی عێراق وەربگرێت، چونکە هەرکارێکی یەکلایەنە پێشێلی یاسایی ناوخۆی بکات بە مەبەستی جیابونەوە، بە هەمان شێوە پێشێلی یاسایی نێودەوڵەتیش دەکات، چونکە پەیوەندی نێوان پرینسیپی سەروەری و یەکپارچەی دەوڵەت لە گەڵ پرینسیپی مافی چارەی خۆنوسین مەرجێکی پێکەوە گرێدراون[٢] (Unceta, 2008, p. 16). لەبەر بوونی ئەو فاکتەرانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، هەرێمی کوردستان مافی جیابونەوەی یەکلایەنەی نی یە، بە هەمان شێوە لەسەر ئاستی یاسایی ناوخۆی(دەستوری ٢٠٠٥) ئەو مافەی بۆ نەسەلمێنراوە، لەبەر ئەو هۆکارانە بووە هەرێمی کوردستان بۆ پێدانی ڕەوایەتی بە پرۆسەی ڕێفراندۆم ناچاربوو بەدوای ئەرگۆمێنتی دیکەدا بگەڕێت بۆ ئەوەی سروشتی یاسایی و ڕاوەیەتی بە پرۆسەکە بدات، لە بەرامبەردا دەوڵەتی عێراق هەوڵی ئەوەی داوە بیسەلمێنێت پرۆسەکە ڕاوەیەتی نی یە و پاساوێکی یاسایی بۆ جیابونەوە بوونی نی یە. وەك ئەوەی لە تەوەرەکانی دواتر باسی دەکەین.

---

[١] لە ساڵی ٢٠١٤ دوو ڕیفراندوم لە دوو دەوڵەتی ئەورپی ئەنجام دران، بۆ یەک مەبەستی سەرەکی(جیابونەوە)، بەڵام دوو ئەنجامی جیاوازی هەبوو، یەکەمیان ڕیفراندومی سکوتلەندا بوو کە بە گویرەی ڕێکەوتن و ڕێگەپێدانی یاسایی ناوخۆی شانشینی یەکگرتوی بەریتانیا ئەنجام درابوو. دووەمیان ڕیفراندومی کەتەلۆنیەکان بوو لە شانشینی ئیسپانیا کە بەبێ ڕێکەوتن و ڕێگەپێدانی یاسایی ناوخۆی ئیسپانیا ئەنجام درا بوو، لە یەکەمیاندا دەرئەنجامی پابەندی(ملزم) ی هەبوو بۆ هەردوو لایەنەکە سکوتلەندییەکان پابەندبوون بە مانەوە لە ناو شانشینی بریتانیا، بەڵام لە دووەمیاندا دەرئەنجامی پابەندکەر(ملزم)ی نەبوو لە گەڵ ئەوەی لایەنگرانی سەربەخوی کەتەلۆنیا زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەستهێنا بوو، بەڵام لە ئاستی ناوخوی و نێودەوڵەتی دانی پێدانەنرا و پرۆسەکەیان شکستی هێنا. ساڵی ٢٠١٧ بە هەمان شێوە ئەو پرۆسەیان دووبارە کردەوە بەهەمان شێوە لایەنگرانی سەربەخۆی زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەستهینا بەڵام هەمان ئەنجامی ساڵی ٢٠١٤ هەبوو.

[٢] لە بریاری ژمارەی ٢٦٢٥ی (١٩٧٠)ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان، لە بەشی تایبەت بە پرینسیپی یەکسانی و مافی چارەی خۆنوسینی کەلان ئەوە هاتوە کە" نابێت هیچ بەشێکی ئەم بریارە لێکدانەوەی ئەوەی بۆ بکرێت کە ریگە بەو کارانە ئەدات کە ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی یەکپارچەی خاکی دەوڵەتەکان[...].

**تەوەرەی چوارەم: ئەرگۆمێنتەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم[١] (٢٠١٧)**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە و تێدا باس لەوە دەکات کە حکومەتی عێراق پەنجاو پێنج مادەی دەستوری پێشێلکردوە کە تایبەتن بە کێشەکانی خاک، بودجەی سەربازی، سەرچاوە سروشتیەکان و مافە ڕۆشنبیرییەکان...هتد (GOV, 2017). پاشان لە بانگەشەکانیدا کە وەك ئەرگۆمێنتێك بەکاردەهێنرا، پشت بەستن بوو بە حوکمێکی پەنهانی(ضمنی) لە دەستوری عێراق(٢٠٠٥) کە باس لەوە دەکات یەکیتی گەل و سەروەری عیراق دەوستێتە سەر ڕێزگرتنی دەستور و پابەندبوون بە ئەحکامەکانی، کاتێ دەڵێت: "پابەند بوون بەو دەستورە یەکگرتی ئازادانەی گەل و خاك و سەروەری عیراق دەپارێزێت" (خسرەو ، عەبدولڕەزاق، ئیسماعیل، حەسەن، و حیدەر، ٢٠٢٠، صفحة ١٥١).

لە لایەکی ترەوە، شکستی دەوڵەتی عێراق, لە جێبەجێ نەکردنی هاوبەشی(شەراکەت) وەک یەکێکی تر لە ئەرگۆمێنتەکان بەکاردەهێنرا، لەم بارەیەوە سەرۆکی پێشوی هەرێمی کوردستان (مسعود بارزانی) بانگەشەی بۆ دەکردوو دەیووت:

"دەوڵەتی عێراق لە سەرەتای دروستبوونییەوە هەتا قۆناغی ٢٠٠٣ شەراکەت و هاوبەشیی کوردی جێبەجێ نەکرد و هەوڵی دا، کورد وەك پاشکۆیەك بهێڵێتەوە و لەناو نەتەوەی سەردەستی عەرەبی عێراقدا بیتوێنێتەوە، بەڵام لەوەدا سەرنەکەوت. دوای ساڵی ٢٠٠٣ کورد پاش دابڕانێکی دوازدە ساڵە لە دەوڵەتی عێراق، بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە گەڕایەوە بۆ ناو عێراق و بەشدار بوو لە بنیاتنانی عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵدا کە تێیدا دەستوور مافی هەموو لایەك زامن بکات. بە داخەوە لە دوای ئەو دەرفەتە، حوکمڕانە تازەکانی عێراق پەندیان لە مێژوو وەرنەگرت و هەڵەکانی ڕابردوویان دووبارە کردنەوە. دەوڵەتی دیمکراتی فیدراڵی, شێوەی دەوڵەتێکی تایەفی وەرگرت کە کاری بۆ پەراوێزخستن و دەستبەسەرداگرتنی ئیرادەی هەردوو پێکهاتەی کورد و سوننە دەکرد. دەسەلاتدارانی نوێی عێراق ڕێگەی تۆڵەسەندنەوەیان گرتەبەر. بڕیار و هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵاتی عێراق تایەفیانە بوون و ئەوە خۆی لە خۆیدا بەڵگە بوو کە دەسەڵاتدارانی تازەی عێراق خۆیان بە ئاڕاستی دابەشیونی وڵات هەنگاویان نا. ئەوان لە دوای٢٠٠٥ ووە وردە وردە کە جێ پێیان قایم کرد، پشتیان لە دەستوور و شەراکەت و پرەنسیپەکانی تەوافوق و تەوازون کرد. پەنجاوپێنج ماددەی دەستووریان پێشێل کرد"[...]. (بارزانی، ٢٠٢٠، صفحة ١٧).

هەروەها بارزانی لە بانگەشەکانیدا بۆ پرۆسەی ڕیفراندۆم لە ڕۆژانی ١٤، ١٥، ١٦ ، ١٩ ،٢٠، ٢٢ سێپتەمبەری ٢٠١٧ لە زاخو، ئامیدی، دهۆک، سۆران، سلێمانی و هەولێر، هۆکاری بڕیاری گەلی

[١] لە ٧ی حوزیرانی ٢٠١٧ لە کۆبونەوەی لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان لە سەرۆکایەتی هەرێم ڕۆژی ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ ی وەک ڕۆژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دیاریکرد، هەروەها لە ٨ی حوزیرانی هەمان ساڵ فەرمانی هەرێمی ژمارە ١٠٦ بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی دەرکرد (بارزانی، ٢٠٢٠، الصفحات ٨١-٧٨). لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ ڕاپرسی ئەنجامدرا و لە ٩٣% خەڵکی کوردستان دەنگیان بە جیابونەوەدا (قادر، ٢٠٢٢، صفحة ١١٤).

کوردستانی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەگەڕاندەوە بۆ زاڵبوونی فەرهەنگی خۆسەپاندن و نەبونی دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکرات و فیدراڵ لە عێراقدا و باسی ستەم وغەدری مێژویی دەکرد، لەم بارییەوە دەیووت: لکاندنی ویلایەتی موصڵ بە عێراقەوە مەرجداربوە بە دابینکردنی مافە ڕوشنبیری و کارگێڕی و کەلتوریەکانی گەلی کوردەوە، بەڵام ئەم مافە بۆ گەلی کورد دەستەبەرنەکراو بە پێچەوانەوە گەلی کورد توشی کارەسات و کاولکاریی بوە لە لایەن ڕژێمە یەك لە دوا یەکەکانی عێراقەوە (Presidency.gov.krd, 2017).

### تەوەرەی پێنجەم: ئەرگۆمێنتەکانی دەوڵەتی عێراق

دەوڵەتی عێراق لە سەرئاستی یاسایی ناوخۆیی، دەستوری(٢٠٠٥) وەک چەکێکی کاریگەر بەکاردەهێنا لە دژی هەرێمی کوردستان، کە تێدا بوونی فرە نەتەوەی سەلماندوە(مادەی ٣ )[١] ، هەروەها هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی (١١٧/ یەکەم)[٢] ناساندوە، بەڵام مافی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی بە شێوەی یەکلایەنە بۆ نەسەلماندوە، تەنها ڕێگای بە دروستکردنی هەرێمێکی نوی داو لە ڕێگای ڕیفراندۆمەوە (مادەی ١١٩)[٣]. سەبارەت بە دیباجەی دەستورەکەش کە باس لە پیکەوە ژیانی ئارەزومەندانە دەکات: [...] پابەندبوون بەم دەستورە یەکێتی ئازادانەی گەل و خاك و سەروەری عێراق دەپارێزێ[٤]، لە (مادەی ١)[٥] چارەسەرکراوە کاتێک جەخت لەسەر یەکپارچەی خاکی عێراق دەکاتەوە، لە کۆی ماددەکانی دەستور هیچ دەقێکی ڕۆشنی تێدا نی یە ڕیگە بە جیابونەوەی یەکلایەنە بدات، لە کاتێکدا لە جیهاندا دەستورێک نی یە بە شێوەی ئاشکرا ڕێگەبدات بە جیابونەوە، جگە لە چەند حاڵەتێکی ڕیزپەڕ(استسناء) نەبێت وەك: دەستوری اسیوپیا(م١٩٣ دەستوری ١٩٩٤)، دورگەکانی سانت کیتس ونیفس (م١١٤ دەستوری ١٩٨٣)، نەبوونی ڕێگەپێدانی دەستوری بابەتێکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی یەکلا کراوەتەوە وەك ئەوەی دادگای باڵای کەنەدا لە

---

[١] عێراق وڵاتێکە لە نەتەوەو ئایین و ئاینزای جیاجیا پێکهاتووە[...].

[٢] یەکەم: ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەهێنێت وەك هەرێمێکی فیدراڵی.

[٣] پارێزگایەك یان زیاتر مافی پێکهێنانی هەرێمێکیان هەیە بەپشتبەستن بە داواکاریەك بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەری داواکاریەکە بەیەکێك لەم دوو ڕێگایەی خوارەوە پێشکەش دەکرێت: أ – لەسەر داواکاری سێیەکی(٣/١ ) ئەندامانی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایانەی کە داوای پێکهێنانی هەرێمەکە دەکەن ; ب – لەسەر داواکاری دەیەکی (١/١٠) دەنگدەرانی ئەو پارێزگایانەی کە داوای پێکهێنانی هەرێمەکە دەکەن.

[٤] لە مادەی (١٠٩) دەتوانرێت لایەنی بەرپسیار دیاریبکرێت کە دەسەلاتی فیدراڵیە: دەسەڵاتی فیدراڵی یەکێتی و یەکپارچەیی و سەربەخۆیی و سەروەری و یاسای دیموکراسیخوازانەی فیدراڵی عێراق دەپارێزێت. ئاشکرایە کە بەشێکی زۆر لە مافەکانی هەریمی کوردستان تاکو ئیستا بە گوێرەی دەستورەکە جێبەجینەکراوە وەك جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە کیشەیان لەسەرە. بەڵام جێبەجێنەکردنی دەستور ناتوانێت ڕاستەوخو مافی جیابونەوە دروست بکات بەبێ ڕەزامەندی هەموان.

[٥] کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەریە، ڕژێمی حوکمڕانی تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراسیە، ئەم دەستورەش یەکپارچەیی عێراق دەپارێزێت.

٢٠ی ئابی ١٩٩٨ دا ئەم بابەتەی ڕونکردۆتەوە کە: جیابونەوەی هەرێمی کیوبیک لە کەنەدا تەنیا لە بارودۆخێکدا دەتوانرێت ڕێگەی پێبدرێت گەر هەموار لە دەستوری فیدراڵی کەنەدا بکرێت بە سەلماندنی مافی جیابونەوە (Martín & Nanclares, 2015, p. 5).

هەروەها یەکێکی تر لە ئەرگۆمێنتە بەهێزەکانی دەوڵەتی عێراق، بەکارهێنانی بنەمایەکی یاسایی نێودەوڵەتی بوو کە لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان وەك ئامانج دیاریکراوە، ئەوەیش پاراستنی یەکپارچەی "خاک"ە (El principio de integridad territorial)، کە ڕێگری دەکات لە جیابونەوەی بەشێک لە خاکی دەوڵەتێک بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی نوی دروست بکات، جگە لە دوو بارودۆخی دیاریکراو: ١. گەر بە شێوەی ڕاشکاوانە ئەو دەوڵەتە ئەوە دەربرِێت کە ڕەزامەندە بە هەڵوەشانەوەی یەکپارچەی خاکەکەی. ٢. یان بە شێوەی سیستەماتیکی مافەکانی مرۆڤ لە بەشێک لە پێکهاتەی دەوڵەتەکە پێشێل بکرێت و هیچ جۆرە ئاسۆیەک بۆ چارەسەر لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان نەبینرێت، لەو کاتەدا وەک دوا قۆناغی چارەسەری کێشەکە ڕیگەی بە جیابونەوە ئەدریت، وەک ئەوەی دادگای دادی نێودەوڵەتی پێدەڵێت: جیابونەوەی چارەسەر«*Remedial Secession*» (Cervera, 2019, pág. 137).

بەڵام ئەم بارودۆخە، لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕێفراندۆم بوونی نەبوو لە هەریمی کوردستان، ڕاستە لە ڕابردوودا ئەو جۆرە سیاسەتە بەرامبەر گەلی کورد لە عێراق جێبەجێکراوە، بەڵام بە پەسەندکردنی دەستور(٢٠٠٥) ئەو مافە لەدەستدرا، نەتوانرا ئەو کارتە بەهێزە لە کاتی خۆی بەکاربهێنرێت هاوشێوەی جیابونەوەی کۆسۆڤۆ لە سربیا، چونکە دەستور پەیمانێکە دەبێت پێوەی پابەندبێت (Pérez, 1999, pág. 112).کەواتە بە شیوەیەکی گشتی، ڕەوایەتی جیابوونەوە لە لایەک پەیوەستە بەو دۆخەی کە خەڵکی دەستپێشخەری دەکەن بۆ جیابوونەوە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەی کە تیدا دەژی، لە لایەکی دیکەشەوە پەیوەستە بە کاردانەوەکانی ئەو دەوڵەتە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر ئەو ڕاگەیاندنە(Georgieva, 2016, p. 331) . پاشان جگە لە بوونی کەمووکورتی لە بنەما یاساییەکانی ڕێکخستنی ئەو مافە، لەسەر ئاستە سیاسیەکەش کۆدەنگیەکی گشتی هەبوو دژی پرۆسەکە —عەرەبی سونە و شیعە— ئەمەش چەکێکی بەهێز بوو بە دەست دەوڵەتی عێراق، بۆ نمونە لە ١٤ی ٩ی ٢٠١٧ عمار الحكيم(تيار الحكمه) لە پەیامێکدا کە ئاڕاستەی سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستانی کردوە دەڵێت: "هیزی ئێوە تەنها لە ناو گەلی عێراقدایە ئەنجامدانی ڕیفراندوم پێچەوانەی ئەمەیە و دەبێتە مایەی تێکدانی کومەڵگا و دروست بونی توندوتیژی، بونی جیاوازی قەدەری عێراقە، دەبێت بە گفتوگۆ کێشەکان چارەسەری بکەین" (مطر، ٢٠١٨، صفحة ٦٤).

هەروەها خاڵیکی نەرێنی کە شایەنی ئاماژەپێکردنە و لە لایەن دەوڵەتی عێراق و نەیارانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەکاردەهێنرا، شەرعیەتی حوکمڕانی بوو لە هەرێمی کوردستان، کە لە کاتی بڕیاردانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ئەو شەرعیەت نەما بوو، چونکە سەرۆکی هەرێم ماوەی

سەرۆکایەتیەکەی کۆتای هاتبوو[١]، بارزانی پابەندی ماددەی ٦٤ لە ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان نەبوو کە دەڵێت:"ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چوارساڵە، کە لە ڕۆژی سوێندخواردنی دەستوریەوە دەست پیدەکات، و دەکرێت بۆ ویلایەتی دوومیش هەڵبژێردرێتەوە"[...]. بەڵام بارزانی ئامادە نەبوو واز لە پوستەکەی بهینیت لە کاتێکدا پێشتر دوو جار ماوەی سەرۆکایەتیەکەی بۆ دریژکرابوە[٢]. ئەمەش یەکێک بوو لە خاڵە لاوازەکانی پرۆسەکە، کە لە لایەن نەیارانی ڕیفراندۆمەوە بەکارهێنرا و لە ئاستی دەرەکی وەک فۆرمێکی ناشرینی حوکمڕانی تەماشا دەکرا، کە زۆرجار لە ناو بزۆتنەوەی ڕزگاریخوازی ئاسیا، ئەفریقا وئەمریکای لاتین سەرکردەکان وەها بیردەکەنەوە کە ڕزگارکەری نەتەوە و نیشتیمانن، پێویستە بڕیارەکانیان بی مناقشە جێبەجێبکرێت (رفیق، ٢٠٠٩، الصفحات ٥٤-٦٠) گەر پێچەوانەی ئەو یاسایانەش بێت کەخۆیان دایدەنێن.

---

[١] لە هاوینی ٢٠١٥ ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم (کە پێشتر لە ساڵی ٢٠١٣ دوو ساڵ درێژکرابووە) بەرەوە کۆتای دەچوو، دوولایەنی پێکهینەری حکومەتی هەرێمی کوردستان (کۆمەڵی ئیسلامی و بزوتنەوەی گۆڕان) ڕێگر بوون لە دریژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیەکەی، لە کاردانەوەی ئەم هەڵویستەدا پارتی دیمکراتی کوردستان بە شێوەیەکی ناشرعی وەزیرەکانی بزوتنەوەی گوڕانی لە کارەکانیان دوورخستەوە، هەروەها بە زەبری بەکارهێنانی هێزی سەربازی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیان داخست و ڕیگریان لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرد بچێتە سەرکارەکەی بۆ ماوەی دوو ساڵ. ئەمەش بوە هوی دروستکردنی بوشایی یاسایی لە هەرێمی کوردستان و هەروەها نەمانی شەرعیەتی ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم، کە لە کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆم بارزانی شەرعیەتی ماوەی حوکمرانی نەمابوو.

[٢] بە گویرەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان -عیراق لە ساڵی ٢٠٠٥ ویلایەتی سەرۆکی هەریم بۆ ماوەی ٤ ساڵە و دەشێ بۆ جاری دووەمیش هەڵببژیردریتەوە(م٣). بارزانی تا ساڵی ٢٠١٣ بۆ ماوەی دوو خول سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام دەستبەرداری پۆستەکەی نەبوو لەبەر ئەوەی  لە ٢٠ی ٠٨ی ٢٠١٣ ماوەی سەروکایەتیەکەی تەوابوو، لە پەرلەمانی کوردستان بە دەنگی زورینە ماوەکەیان دریژکردەوە تا ١٩ی ٨ی ٢٠١٥ کە تیدا دیاریکراوە جاریکی تر ناتوانرێت دریژبکرێتەوە بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کوردستان ـ عێراق، بەڵام بارزانی ئەمجارەش دەستبەرداری پۆستەکەی نەبوو.

## باسی دووەم:
## بارودۆخی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی

ئەم باسە لە چوار تەوەردا خراوەتە ڕوو: تەوەری یەکەم: بارودۆخی هەرێمی کوردستان؛ تەوەرەی دووەم: هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا؛ تەوەرەی سێیەم: هەڵوێستی ڕوسیای فیدراڵی؛ تەوەری چوارەم: هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا.

### تەوەری یەکەم: بارودۆخی هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە هۆی بەرژەوەندی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە ئیستاتوتی(estatuto)یکی تایبەتی هەبووە، دەرئەنجام دیاریدەی دی یوری (De iure) و دی فاکتو (De facto)ی دروستکردبوو، لە لایەکەوە لە ڕووی سیاسی و کردارییەوە وەک دەوڵەت مامەڵەی کردبوو، لە لایەکی ترەوە لە ڕووی یاساییەوە بەشێک بووە لە دەوڵەتی عێراق، لە کاتێکدا ئەم جۆرە سیستەمە لەلایەن یاسایی نێودەوڵەتیەوە دانی پێدانەنراوە (عزیز، ٢٠١٣، صفحة ١٧) هەروەها لەسەر ئاستی یاسایی ناوخۆی وەك هەرێمێکی فیدراڵ ناسێنراوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ەوە، کیانە فیدراڵیەکانیش خاوەنی کەسایەتی نێودەوڵەتی نین بە گویرەی مادەی ٢ لە ڕێکەوتنامەی ماف و ئەرکەکانی دەوڵەت(مۆنتیفیدیۆ-١٩٣٣)، چونکە دەوڵەتی فیدراڵ خاوەن یەك کەسایەتی نێودەوڵەتیە. بەڵام هۆکاری ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لە هەندێ قۆناغدا وەک دەوڵەتی دیفاکتۆ دەرکەوتوە، بەرهەمی بارودۆخێکی ناوازەی دوای جەنگە، کە لە مێژووی سیاسی نەتەوەی کوردا، سێ جار ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساوە: لە سەرەتا، لە ناوەڕاست و کۆتای سەدەی بیستەم: "حکومەتی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ محمود(١٩١٨-١٩٢٤)، جمهوریەتی کوردستان لە بەشی ڕۆژهەلاتی کوردستان(١٩٤٢-١٩٤٦)، ئەزمونی کوردستانی باشور(١٩٩١- تاکوئیستا)، هەر سێ ئەزمونەکە وەک دەرئەنجامی جەنگ لە ناوچەکەدا دروست بوون، کە بە هۆی خواستی زلهیزەکانەوە بارودۆخەکە هاتۆتە بوون" (عزەت، ٢٠٠٦، صفحة ١٤١). ئەو بارودۆخەش کە تا ئێستا ڕێگەی داوە بە مانەوەی هەرێمی کوردستان، گۆڕانی هاوکێشەی سیاسیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێزی جیهانە لە ناوچەکەدا (کوردی، ٢٠٢٠).  بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخە، سەرەتا پێویستە لە ناوخۆی عێراق و پاشان لە ئاستی نێودەوڵەتی ڕەزامەندی بۆ وەربگیرێت، لە کاتێکدا ئەو ڕەزامەندی و پاڵپشتیە بۆهەرێمی کوردستان تەنها لە چوارچێوەی عێراق و بوونی کیانێکی فیدراڵی بوونی هەبوە لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم نەک بۆ جیابونەوە.

### تەوەرەی دووەم: هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

ئەمریکا سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرای هەبوە و هەیە لە عێراقدا— بە تایبەتی لە دوی ساڵی ٢٠٠٣ —کە بریتی بووە لە: دیمکراسی، تەوافوقی و فیدراڵی، تا بە تەواوەتی لە شکستی ئەو سیاسەتە دڵنیا نەبنەوە پشتیوانی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان ناکەن (یاسین و عزیز، ٢٠١٧، صفحة ٧٧).

چونکە ئامانجی ئەمریکا لە عێراق بریتیە لە بوونی عێراقێکی سەربەخۆ و سەقامگیر کە ئاشتی لە ناو سنورەکەیدا هەبێت و بە ئاشتی لە گەڵ دراوسێکانیدا بژی، خاوەنی حوکمڕانیەکی شەرعی و یەکگرتوبێت و مەیلێکی بەهیزی بۆ هاوکاریکردنی ئەمریکای لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەبێت (Crocker, 2017). لەبەر ئەو فاکتەرانە چەندین جار بە شێوەی فەرمی— ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ— ئەو پەیامەیان گەیاندبووە هەرێمی کوردستان وەك ئەم نمونانەی لای خوارەوە:

- لە ٤ی ٤ی ٢٠١٢ سەرۆکی پێشوی هەرێمی کوردستان(مسعود بارزانی) لە گەڵ سەرۆکی ئەمریکا(بارک ئوباما) و جێگرەکەی (جۆی بایدن) لە کۆشکی سپی کۆبوە، لەو کۆبونەوەیەدا باسی گرنگی یەکپارجەی خاکی عێراق کرا، ئەمریکا پابەندبونی خۆی بە بوونی پەیوەندی دوستانەی لە گەڵ گەلی کورد وهەرێمی کوردستان دەربڕی لە چوارچێوەی عێراقیکی یەکگرتوی دیمکراسی[...] (House, 2012).

- لە ٦ی ٥ی ٢٠١٦ جێگری وەزیری دەروەی ئەمریکا ئەنتونی بلنکین (Antony Blinken) لە گەڵ (مسعود بارزانی) کۆبوە، پالپشتی ئەمریکای بۆ عێراقێکی یەکگرتوو دووپاتکردەوە وەک ئەوەی لە دەستوری عێراقدا ڕێزی لێگیراوە[...](Spokesperson, 2015) .

- لە ١٨ی ٢ی ٢٠١٧ ئەمریکا هەڵوێستی ڕابردووی خۆی بەرامبەر هەرێمی کوردستان دووبارە کردەوە کە پشتیوانی فیدراڵی دەکەن نەک سەربەخۆی، هەروەها جێگری سەرۆکی ئەمریکا(Mike Pence) لە چاوپێکەوتنێکیدا لە گەڵ بارزانی سوپاسی سەرکردایەتیەکەی دەکەن لەشەری دژی داعش، بەڵام ئەوان پشتگیری عێراقێکی فیدراڵ و دیمکرات دەکەن[...] (President, 2017)

- لە ١٠ی ٨ی ٢٠١٧ (ڕێکس تیلەرسۆن) وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پەیوەندییەکی تەلەفونی لە گەڵ (مسعود بارزانی) ئەنجامدا، لە بەشێکی ئەو پەیوەندییەدا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئەوەی ڕاگەیاند کە پێی باشە ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان دوابخرێ و پشتگیریی ئەمریکای بۆ دیالۆگی نێوان هەرێم و بەغدا دوویات کردەوە (KRP.org, 2017).

- لە کاتی نزیک بونەوەی ڕۆژی ئەنجامدانی ریفراندوم، بە گوێرەی ڕاگەیاندنی سەروکایەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ٢٢ی ٨ی ٢٠١٧ لە شاری هەولێر (مەسعود بارزانی) پێشوازی لە (جێمز ماتیووس) وەزیری بەرگریی ئەمەریکا و شاندێکی یاوەری کرد کە پێکهاتبوو لە (برێت مەککۆرگ) نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هاوپەیمانێتیی شەڕی دژی داعش و (دۆگلاس سلێمان) باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و ژمارەیەك لە بەرپرس و ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا لەو کۆبونەوەیدا ئەمریکا نیگەرانی خۆی لە ئەنجامدانی ریفراندۆم ڕاگەیاند کە وڵاتەکەی پشتیوانی دانوساندنی بەردەوامی نێوان هەرێم و بەغدا دەکات (KRP.org, 2017)

کەواتە، ئەمریکا پشتیوانی لە ڕیفراندومی هەرێمی کوردستان نەکرد، لە کاتێکدا ئەمریکا پشتیوانی چەندین ڕیفراندۆمی سەربەخوی کردوە وەک: تیموری ڕۆژهەڵات، باشوری سۆدان، کۆسۆڤۆ، چونکە ئەمریکا خواستی ئەوەی نەبوو بەرنامەکانی لە عیراق لەبەر کورد تێکبدات هەروەها نەیدەویست

کورد لەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی زیاتری هەبێت و سەقامگیری ناوچەکە تێک بچێت، چونکە ئەمریکا زۆرجار پشتیوانی دەوڵەتە ستەمکارەکان دەکات لە پێناو مانەوەی سەقامگیریدا (Frantzman, 2020). ئەمریکا سیاسەتێك لە عێراقدا جێبەجێدەکات بە شێوەیەکی نافەرمی وەک ئەوەی وەزیری پیشوی ئەمریکا مادلین ئۆلبرایت(Albright Madeleine) ئاماژەی پیدەکات:

"بۆ ئەوەی عێراق بە یەکگرتوی بمێنیتەوە، ڕێگە بدرێت وولاتەکە دابەشبکرێت، بەڵام نەک بە شێوەی فەرمی و بە تەواوەتی، بەڵکو زەمینەی لەبار سازبکریت بۆ شیعەکان لە باشور و سونەکان لە ناوەراست و کوردەکان لە باکور، بۆ ئەم کارە سیاسەتێکی فەرمی پێویست نی یە، چونکە عێراقیەکان خۆیان خەریکن بە باشی ئەو کارە دەکەن"[...] (ئۆلبرایت، ٢٠٠٩، الصفحات ٣٥-٣٦). واتا ئەمرێکا یەکپارچەی خاکی عێراقی دەوێت لە ئاستی دەرەوەدا، بەڵام دەوڵەتێکی دابەشبوی دەوێت لە ناوخۆی عێراقدا و ڕەزامەند نی یە بە شێوەی فەرمی دابەشبکرێت.

### تەوەرەی سێیەم: هەڵوێستی ڕوسیای فیدراڵی

ڕوسیا، لە دوای ڕوخانی یەکیتی سۆڤیەت، هەست دەکات وولاتانی ڕۆژئا و ئەمریکا، سیاسەتی ئابڵوقەدان و کەمکردنەوەی بواری زیندوی گەشەکردنی دەوڵەتەکەی بەرامبەر جێبەجێ دەکەن، لە بەر ئەوە هەر هەوڵێك لە ناوچەکەدا بە مەبەستی گۆڕینی نەخشە و سنور دەوڵەتان ئەنجام بدرێت، وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەی ڕوسیا تەماشای دەکات، گرنگە بۆ ڕوسیا ئەو دەوڵەتانەی نزیکن لە سنورەکەیەوە دەستکاری نەخشەکەیان نەکرێت ئەویش لەبەر دوو فاکتەری سەرەکی: ١. زۆربەی وولاتانی ناوچەکە بە تایبەت ئەوانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە دۆستی نزیکی ڕوسیان؛٢. بونی کەمینەی نەتەوەیی لە سنوەرەکەیدا، لەبەر ئەو هۆکارانە پشتیوانی بزوتنەوە جوداخوازەکان ناکات، تا دڵنیا نەبێت کە ئەو جوداخوازییە وەلائی بۆ ڕوسیا دەبێت—وەک ئوسیتیا و ئەبخازیا— (یاسین و عزیز، ٢٠١٧، صفحة ٢٠٣). لە لایەکی ترەوە ڕوسیا، نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی دێرین و ڕەسەنی ناوچەی ئوراسیا دەبینێت و پیان وایە لەئێستادا کورد ڕوویان لە ڕۆژئاوایە ئەمەش بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی  و بەرژەوەندییەکانی کورد دەبینێت، لە هەمان کاتدا تا ئیستا سیاسەتیکی فەرمی بەرامبەر کورد نی یە بۆ چارەسەرکردنی کیشەکەی، هەروەها ئارەزووی گوڕانکاری ناکات لە سنوری دەوڵەتەکانی ناوچەکە و پشتیوانی دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆی کوردی ناکەن (علی، ٢٠١٩، الصفحات ٨٦،٨٧).

### تەوەرەی چوارەم: هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا

لە پرسی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی فەرنسا[1] و بریتانیا[2]، پشتیوانی گفتوگۆی

[1] بە گوێرەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم، لە ڕۆژی  ٢٦ـی ٨ـی ٢٠١٧ (مەسعود بارزانی) پێشوازی لە (جۆن ئێف لۆدریان) وەزیری دەرەوە و (فلورانس پارلی) وەزیری بەرگریی و شاندێکی یاوەریان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا وەزیری دەرەوەی فەرەنسا هەڵوێستی فەرمیی وڵاتەکەی لە بەرانبەر پرسی ڕیفراندۆم شیکردەوە و داوایی کرد گفتوگوی لەنێوان هەرێم و بەغدا بەردەوام بێت هەتا ئەو کاتەی دەگەن بە ئەنجامێك کە هەردوولا پێرازبن.

نێوان هەولێر و بغداد بوون و ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیان بەلاوە پەسەند نەبوو، بۆ ئەم مەبەستە هەڵویستی فەرمییان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە بە سەرۆکایەتی هەریم گەیاندبوو وەک:

- لە ٢٢ی ٦ی ٢٠١٧ شاندێکی یەکێتی ئەوروپا سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان(مسعود بارزانی) کرد لە کۆبونەوەکەیاندا، سەرۆکی شاندی یەکێتیی ئەورووپا( پاتریک سیمۆنێت) ڕایگەیاند یەکێتی ئەوروپا هانی گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا دەدات، داوا لە هەموو لایەنەکان دەکات خۆیان لە بڕیاردانی یەکلایەنە بەدوور بگرن (KRP.org, 2017).

- لە ڕۆژی ٢٤ی ٠٨ی ٢٠١٧ سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە (پاتريك سيمۆن) باڵیۆزی یەکێتیی ئەوروپا لە عێراق و شاندێکی یاوەری کرد، بە گویرەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم، لەو کوبونەوەدا هەڵوێستی یەکیتی ئەوروپا پاڵپشتیکردن بوە لە بەردەوامی دیالۆگ لە نێوان هەرێمی کوردستان و بغداد (KRP.org, 2017).

- بە گوێرەی ڕاگەیەنراوی سەروکایەتی هەرێم لە رۆژی ١٠ی ٠٧ی ٢٠١٧ بەسەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، شاندێکی ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆم سەردانی پەرلەمانی ئەوروپان کرد، لە ڕۆژی ١١ی ٠٧ی ٢٠١٧ سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمانی ئەوروپا وتارێکی پێشکەشکرد و تیشکی خستە سەر پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و ڕووداوەکانی ناوچەکە بەتایبەتی شەڕی دژ بە داعش[...]. لە ووتارەکەیدا بارزانی داوای پشتگیری لە ووڵاتانی یەکیتی ئەوروپا کرد، داوای لێکردن نوێنەریان وەک چاودێر بەشداری پروسەکە بکەن، بەڵام بارزانی لە دیدارەکانیدا نەیتوانی پشتگیری هیچ دەوڵەتیکی یەکیتی ئەوروپا بۆ پشتیوانیکردن لە ڕیفراندوم مسۆگەر بکات، چونکە ئەوروپا پیشتر پەیامیان ناردبوو کە ئەوان لە گەڵ چارەسەرکردنی کیشەی کوردن لە چوارچیوەی عێراقدا لە ڕێگای دیالوگەوە نەک بە شێوازی بڕیاری یەکلایەنە.

---

[٢] ڕۆژی سێشەممە ٨ـی ٨ـی ٢٠١٧(مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە (فرانك بەیکر) باڵیۆزی بریتانیا لە عێراق و شاندێکی یاوەری کرد، بریتانیا بە هیچ شیوەیەک پشتیوانی ڕیفراندۆمیان نەکرد، بەڵکو دژی ئەنجامدانیشی بوون، هەر لەبەر ئەو هوکارەش، هەواڵەکە لە سایتی فەرمی سەرۆکایەتی هەریمی کوردستان، لە بەشی ئینگلیزی بە هیچ شیوەیەک بڵاو نەکرایەوە لە بەشی کوردیشدا زۆر بەکورتی باسی کوبونەوەکە کرابوو (KRP.org, 2017).

## باسی سێیەم:
## هەڵوێستی دەوڵەتانی دراوسێ عێراق و هەڵسەنگادنی پرۆسەی ڕیفراندۆم

ئەم باسە لە سێ تەوەردا خراوەتە ڕوو: تەوەرەی یەکەم: هەڵوێستی دەوڵەتانی دراوسێ عێراق، تەوەرەی دووەم: هەڵسەنگادنی پرۆسەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان؛ تەوەری سێیەم: ئەنجام و ڕاسپاردە.

### تەوەرەی یەکەم: هەڵوێستی دەوڵەتانی دراوسێ عێراق

نزیکەی ٤٠ چل ملیۆن کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەیە(Rubin, 2016, p. 5) لە دەوڵەتەکانی تورکیا، ئیران، سوریا و عیراق، پێشکەوتن و چارەسەری کێشەی کورد لە یەکێک لەو دەوڵەتانە، کاریگەری دەبێت لەسەر دەوڵەتانی تری ناوچەکە، لەبەر ئەوە چاوەڕوانکراوە لە پرۆسەیەکی گەورەی وەک ڕیفراندۆم بە مەبەستی جیابونەوە هەڵوێستێکی نەرێنی و دژیان هەبێت بە تایبەتی تۆرکیاو ئێران، چونکە دوو دەوڵەتی کاریگەر و خاوەن نفوزی سیاسی و سەربازین لە ناوچەکەدا و ڕۆڵیان هەبووە لە شکستی پرۆسەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان.

سیاسەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان، بە گوێرەی ئەو پۆلێنکارییەی کە عبداڵا کران— لە زانکۆی ئاڵپ — کردویەتی دابەش دەبێت بۆ چوار قۆناغ: ١. لە قوناغی ١٩٢٠ تا ١٩٢٦ باشوری کوردستان لە چوارچێوەی سنوورەکانی "میساقی میللی" خۆیدا دەبینێ و دەخوازێت ئەم ناوچەیە بخرێتەوە سەر خاکی خۆی؛ ٢. قوناغی ١٩٢٦ تا ١٩٨٦ دەخوازێت کورد لە عێراقدا ئەنتگرە بکات لە پێناو نەهێشتنی کێشەی کورد؛ ٣. لە ١٩٩٠ تا ٢٠٠٣ باسی گەڕانەوەی ویلایەتی موصڵ دەکات؛ ٤. لە ٢٠٠٣ تا ئەمرۆ کیشە لەسەر کەرکوک دروست دەکات و نایەوێت بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان (کران، ٢٠١٧، صفحة ١٣٠). لەبەر ئەو ستراتیژە، دوای داگیرکردنی عێراق(٢٠٠٣)، (عبدالله گول) وەزیری دەرەوەی تورکیا ئامۆژگاری سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستانی کردبوو کە بیر لە گێرانەوەی کەرکوك نەکەنەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان (علی، ٢٠١٩، صفحة ٢٦٩). لە لایەکی ترەوە تورکیا، هەرێمی کوردستان بە ناوچەی گەشەکردنی دەوڵەتەکەی دەبینێ لە ڕووی جیوپۆلیتیک وهەروەها وەک بەشێک لە ئاسایشی نەتەوەی دەوڵەتی تورکیا سەیری هەرێمی کوردستان دەکات. لەبەر هۆکارانە تورکیا بەربەستی سەرەکیە لە چارەسەری کێشەی کورد، بەو پێیەی تورکیا ڕوبەریکی فراون لە خاکی کوردستان و زۆرترین ژمارەی کورد لە سنورەکەیدا هەیە، کە مەزەندە دەکریت بە ١٥ بۆ ٢٠ ملێون کورد (Perilla & García, 2020, p. 102). لەبەر ئەوە ترسی پارچەپارچەبوونی یەکێتی نەتەوەیی هەیە، جگە لەوەش وەک ئەندامێکی ناتۆ و هاوپەیمانی سەرەکی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، ئەستەمە بیر لە سەپاندنی چارەسەرێک بکەینەوە کە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی تورکیا هەبێت (Zeraoui, 2007, p. 292).

لەبەر ئەوە چاوەڕوانکراوە تورکیا دژی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان بێت، ئەم پەیامەش بە ڕوونی لە ٢٣ی ٨ی ٢٠١٧ لە ڕێگای وەزیری دەرەوەی (مولود چاوش اوغلو) بە بارزانی گەیەنرا، بە

گوێرەی ڕاگەیاندنی سایتی سەرۆکایەتی هەرێم، لەو چاوپێکەوتنەدا ئەو پەیامە گەیێنراوە کە تورکیا لە گەڵ مافی کوردە بەڵام بڕوایان وایە کە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ئێستادا دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشە و کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئاسایش و ئارامی ناوچەکە و ئەنجامدانی ڕیفراندوم ڕەتدەکەنەوە (KRP.org, 2017). هەروەها هەشت ڕۆژ پێش کۆبونەوەی لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ دیاریکردنی کاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، تورکیا ئاگادری هەرێمی کوردستانی کردوە کە ڕیفراندۆم باجەکەی قورس دەبێت هەروەها لە ٢٢ی ٩ی ٢٠١٧ مجلسی امنی تورکیا و ئەنجومەنی وەزیران کوبونەوە، پاشان ڕاگەیاندنێکیان بڵاوکردەوە و ڕایانگەیاند: ڕیفراندۆم بابەتێکە پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەی تورکیاوە هەیە و قبوڵی ناکەن بارودوخی عیراق و سوریا بگۆڕێت (مطر، ٢٠١٨، الصفحات ٩١-٩٢).

سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەمان شێوە، ڕووبەریکی فران و ژمارەیەکی زوری نەتەوەی کورد لە سنوری دەوڵەتەکەیدا هەیە، لەبەر ئەوە سروشتیە کە دژی دروست بونی دەوڵەتی کوردی بنەوە. ئەم پەیامەیان پیش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان گەیاندبوو"نابێت ڕیفرانۆدم بکرێت، چونکە ڕابەر شۆڕشی ئیسلامی ئێران قسەی تێداکردووە وتویەتی نابێت بکرێت، گەر بکرێت ئێمە ناچارئەبین بڕۆین لەگەڵ تورکیا و عێراق ڕێکبکەوین بۆ ئەوەی لەکەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان دەرتان بکەین و بچینە ژێر باری داواکاریەکانی دەوڵەتی تورکیا" (شريف، ٢٠٢١). لەم بارەیەوە، محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، لە گفتووگۆیەدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا دەڵێ "قاسم سولێمانی پێوتین: گەر لەکەرکوک ڕیفراندۆم نەکەن، تا حەمرینتان ڕادەست دەکەین" (محمود، ٢٠٢٠).

**تەوەری دووەم: هەڵسەنگادنی پرۆسەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان**

کورد هەموو خەسڵەتێکی نەتەوەی تێدایە "زمانی تایبەت، کلتور و مێژوی هاوبەش و ناوچەیەکی جغرافی دیاریکراو هەیە کە هەزاران ساڵە لە سەری دەژی" (حاجی، ٢٠١٨، صفحة ٣٧). "کۆنترین نەتەوەی ناوچەکەیە و لەسەر خاکی خۆی دەژی و خاکی کەسی داگیر نەکردوە" (سالم، ٢٠٠٨، صفحة ١٠٧). "لە ڕووی کاتیشەوە چەند هەزار ساڵ پێش هاتنی عەرب بۆ عێراقی ئیستا، گەلی کورد لە نیشتمانی ئیستای خۆی نیشتەجی بوە" (مستەفا، ١٩٩٩، صفحة ٣٧). بەڵام خاوەنی کیانی سەربەخۆی خۆی نی یە، پاش دروستبونی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی ویلایەتی موصڵ بە عێراقەوە بە شێوەی مەرجداربووە، بەڵام کیشەی کورد و مافی چارەی خۆنوسین پشتگۆێخرا و چارەسەر نەکرا، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عێراق ئەوەندەی سەرقاڵی کێشە نێودەوڵەتیەکان بوو سەرقاڵی کێشە ناوخۆییەکانی نەبوو، چونکە کێشەی سنوری دەوڵەتی تازەی عێراق و ناکۆکیە مەزهەبیەکانی ناو عێراق مێژوەکەی زۆر لە دەوڵەتی عێراق کۆنتر بوو (شۆڕش، ٢٠٠٢، الصفحات ٧-٨). پاشان دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس(٢٠٠٣) بە هەمان شێوە لە فۆرمیکی جیاوازتردا مافی هەرێمی کوردستان پێشێل دەکرێت، دەستوری عێراق جێبەجێ ناکرێت، دۆسیەی ناوچە کێشە لەسەرەکان هەڵپەسێردراوە. هەموو ئەم فاکتەرانە لە ڕووی مۆراڵی و دادپەروەرییەوە ڕیگە بە هەرێمی کوردستان ئەدەن کە هەنگاو بەرەو

جیابونەوە و سەربەخۆی بنێن، بەڵام ئەوەی ئەو مافە یەکلای دەکاتەوە سیاسەت و یاسایی نێودەوڵەتیە کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزەکان بنیاتراوە نەک مۆراڵ و دادپەروەری، بۆ نمونە: کێشەی بیابانی ڕۆژئاوا لە مەغریب، لە ڕووی یاساییەوە دادگای دادی نێودەوڵەتی(١٩٧٥) کێشەکەی یەکلاکردۆتەوە لە بەرژەوەندی بیابانی ڕۆژئاوا و ئەوەی سەلماندوە لە کاتی داگیرکردنی لە لایەن ئیسپانیا، بیابانی ڕۆژئاوا بەشێک نەبوە لە سەروەری پاشایەتی مەغریب، لەبەر ئەوە دەتوانێت وەک گەلێکی کۆلۆنیاڵکراو لە ڕێگای ڕیفراندۆمەوە چارەنوسی خۆی دیاریبکات—سەربەخۆی—بەڵام لەبەر نەبوونی پشتیوانی نێودەوڵەتی—سیاسی— تاکو ئێستا نەیتوانیوە ئەو مافە مسۆگەر بکات (Liceras, 2001, pág. 110).

سەبارەت بە ڕیفراندۆمی هەریمی کوردستان، ئەرگۆمێنتەکانی حکومەتی هەرێم بەشێک زۆر لە ڕاستی تێدابوو، ئەوانەی حکومەتی هەرێم لە ڕووی ویژدانی و ئەخلاقیەوە هەمویان ڕاستن، هەمویان لە مێژوی کۆن و نوێ عێراقدا بونیان هەبوە و مافی کورد بە شێوەیەکی دڕندانە پیشیل کراوە، بەڵام لەبەر ئەو پێگەی جغرافیەی لە ناوچەکەدا هەیەتی، لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی زلهێزە جیهانیەکان، پشتیوانی سیاسی—ناوخۆی و نێودەوڵەتی— نەبوو. هەروەها لەلایەکی ترەوە پاڵپشتی یاسایی—ناوخۆی[1] و نێودەوڵەتی[2]—نەبوو. پرۆسەکە زیاتر پشتی بە هێزی ئەخلاقی مافی چارەی خۆنوسین[3] و

---

[1] دادگای باڵای فیدراڵی لە ٢٠ی ١١ی ٢٠١٧ بڕیاریدا بە نا دەستوری بوونی پرۆسەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، لە بڕیارەکەی دادگادا تەنها باس لە نادەستووری بوونی پرۆسەکە کراوە، بەڵام هیچ ڕێکارێکی دیارینەکردوە کە پێویستە بەرامبەر بکەرانی پرۆسەکە بگیرێتەبەر. لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٧ بە هەمان شێوە هەرێمی کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا ڕیفراندۆمی بۆ سەربەخۆی ئەنجامدا، بەڵام دادگای باڵای ئیسپانیا جگە لە هەڵوەشانەوەی پرۆسەکە و ئەنجامەکەی، بەهەمان شێوە ١٢ سەرکردەی کەتەلۆنیا دادگایی کران کە پەیوەندیان بە ئەنجامدانی پرۆسەکەوە هەبوو، لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩، ژووری تاوانەکانی دادگای باڵای ئیسپانیا بڕیارێکی لە دۆسیەی تایبەتی ژمارە ٢٠١٧/٢٠٩٠٧/٣ دەرکرد. تێیدا ٧ بەرپرسی باڵای کەتەلۆنیا سزادران، کە شەش کەسیان ئەندامی پێشووی حکومەتی کەتەلونیا و سەرۆکی پێشووی پەرلەمان بوون، هەروەها دوو سەرکردەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوون، کە ماوەی سزاکانیان لە نێوان ٩ بۆ ١٣ ساڵ زیندانیکردن بوو، سێ ئەندامی دیکەی پێشووی حکومەت بە تاوانی سەرپێچیکردن و سەپاندنی غەرامەکردن سزا دران، سەرۆکی حکومەتی کەتەلونیاش هەڵهات (STS 2997/2019, 2019).

[2] ڕاگەیاندنی جیابونەوە بە شێوەی یەکلایەنە پێچەوانەی پرینسیپەکانی نەتەوەیەکگرتوەکانە، دەوڵەتێکی نوێ بۆ ئەوەی دانپێدابنرێت دەبێت لەسەر بناغەیەکی یاسایی بنیاتترابێت و پروسەیەک نەبێت پێچەوانەی یاسایی ناوخۆی و نێودەوڵەتی بێت، چونکە پرۆسەکە بەهای یاسایی نابێت، پەیوەست بەم بابەتە، کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، لە ٢٧ ی مارسی ٢٠١٤ بڕیارێکی پەسەندکرد (A/RES/68/262) دەربارەی یەکپارچەی خاکی ئۆکرانیا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو ڕیفراندۆمەی کە لە ١٦ی ئازاری ٢٠١٤ لە کۆماری ئۆتۆنۆمی کریمیا و شاری سیڤاستۆپۆل بەڕێوەچوو پرۆسەیەکی ناشەرعیە و بەهای یاسایی نی یە، ناتوانێت ببێتە بنەمایەک بۆ دەستکاریکردنی پێگەی کۆماری ئۆتۆنۆمی کریمیا یان شاری سیڤاستۆپۆل؛ داوا لە هەموو دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دەزگا تایبەتمەندەکان دەکات کە لەسەر بنەمای ئەو ڕیفراندۆمە دان بە هیچ دەستکارییەک لە پێگەی ئۆتۆنۆمی کریمیا و شاری سیڤاستۆپۆلدا نەنێن و خۆیان بەدوور بگرن لە هەر کردەوەیەک یان ئۆپەراسیۆنێک کە دەتوانرێت لێکدانەوەیان بۆ بکرێت وەک دانپێدانانێک بەو دۆخە دەستکاریکراوە.

سەپاندنی دیفاکتۆی سیاسی[١] (علی، ٢٠١٩، صفحة ٣١١) و دادپەروەری میژوو بەستبوو[٢]، کە لە ئاستی یاسای ناوخۆی و نێودەوڵەتی نەبۆتە بنەمایەکی پابەندکەر (Pérez, 1999, pág. 110). لایەنی پراکتێکی پرۆسەکەی فەرامۆشکردبوو (Rubin, 2016, p. 121) کە وەستابوو لەسەر ڕەزامەندی نێودەوڵەتی.

بەبێ ڕەزامەندی نێودەوڵەتی هەرکردەیەک ئەنجام بدرێت، گریمانەیەکی چاوەڕوانکراوە کە پلانی مەترسیداری لەبەرامبەر دادەنرێت و جێبەجێ دەکرێت، ئەم پلانەش بە شێوەی کرداری لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ چووە بواری جێبەجێکردنەوە و شکستی بە پرۆسەی ڕێفراندۆمی هەرێمی کوردستان هێنا. کە بووە هۆکاری لە دەستدانی کۆنترۆڵی لە ٥١% خاکی باشوری کوردستان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە لە ڕووی بەڵگەی میژوییەوە خاکی کوردستانن[٣]. ئەو سنورەی کە بارزانی پێشتر دەیووت بە خوێن دیاریکراوە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی بغداد[٤]،

---

[٢] لایەنی مۆڕاڵی ناتونێت کێشە ناوخۆی و نێودەوڵەتیەکان چارەسەربکات گەر پاڵشتێکی یاسایی نەبێت، ئەم بابەتەش لەلایەن دادگای دادی نێودەوڵەتیەوە لە کێشەی ئەفریقای باشور جەختی لەسەرکراوەتەوە "پێویستە دادگا پەیڕەوی پرینسیپە ڕەوشتیەکان نەکات، ئەگەر شیوەیەکی یاسایی تەوایان وەرنەگرتبێت" (یادگار، ٢٠١٣، صفحة ٢٤).

[١] زۆربەی شارەزیان پیان وابوو دوای کۆتای شەری داعش ئالۆزییەکی زۆر لە ناوچەکەدا دروست دەبێت بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کۆنترۆڵکرا بوو لە نێوان ساڵی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١١، هەروەها بە بۆچونی پەیمانگای لێکۆڵینەوەی جەنگ، کوردکان ڕوبەرێکی زۆر لە خاکی جەوهەری و گرنگیان لە نیوان ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧ کونترۆڵکردوە (Cordesman, 2017, p. 16). ئەو ناوچانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەی پەیمانگای جەنگ ئاماژەیان پیکراوە لە ڕووی بەڵگەی مێژوییەوە خاکی کوردستانن، بەڵام لە ڕووی کارگێرییەوە سەر بە حکومەتی ناوەندی بغداد بوون، کونترۆڵکردنی ئەو ڕوبەرە زۆرەی خاک لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، نیگەرانی دەوڵەتی عیراق و دەوڵەتانی هەرێمی —بە تایبەتی تورکیا—ی بەدوای خویدا هینابوو.

[٢] ڕاستە لە ڕووی میژوییەوە نەتەوەی کورد ستەمی لێکراوە، لە ساڵی ١٩٢٠ بەگوێرەی ڕێکەوتنامەی سیڤەر مافی دروستکردنی دەوڵەتی پێدراوە، ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵە مێژووییە بە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دەبێت، بەڵام دادپەروەی میژوو جیاوازە لە گەڵ واقعی بە کردەیی کردنی ئەو مافە مێژوییە.

[٣] سنوری کوردستانی باشور، لەلایەن عبدالرزاق الحسنی، کە یەکێکە لە میژوونوسە بەناوبانگەکانی عێراق زۆر بە ڕونی دیاریکراوە"جێگا و شوێنی نیشتەجێبونی کورد لە عێراقدا، لە شارو گوندەکانی سەر سنوری ئێران- عیراقەوە دەست پێدەکات بە هێڵێکی ڕێک دریژدەبێتەوە بۆ جبل حمرین و لەوێشەوە بۆ شاخی شەنگال پاشان دەگاتە سنوری عێراق- تورکیا –سوریا، کە گرنگترین کەمینەی قەومی تێدا" (مستەفا، ١٩٩٩، الصفحات ٧٤-٧٥). ڕووپێوی هەرێمی کوردستان، بە دەوروبەری ٤٠،٠٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە مەزندە دەکرێت. ئەم ڕوبەرە نیوە کەمتری سەرجەم خاکی کوردستانی باشور دەگرێتەوە ( ڕووپێوی کوردستانی باشور بە زۆرتر لە ٨٥٠٠٠ کیلۆمەتر دادەنرێت( ڕووپێوی عێراق بە کوردستانەوە ٤٣٧،٣٩٣ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە) (عەبدوڵلا، ٢٠٠١، صفحة ٢٦٤).

[٤] مسعود بارزانی —سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان— لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی لەندەنی، لە ڕۆژی ٧ی شوباتی ٢٠١٥ بڵاوکرایەوە، لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ڕۆژنامەکە لێدەکات دەربارەی ئەوەی کە ئایا سنوری سایکس-بیکۆ دارماوە؟ ڕای تۆ چی یە؟ لە وەڵامدا بارزانی دەڵێت: بە دڵنیاییەوە سنورێکی دەستکردە و سروشتی نی یە هەموو دابەشکردنێکی بە زۆر ناکرێ تا هەتایە بەردەوام بێت، سنوری نوێ ئەو سنورەیە کە بە خوێن نەخشێنراوە لە ناوچەکەدا لە جیاتی سنوری سایکس-بیکۆ (KRP.org, 2015).

بەخوێن و گەلەکۆمەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان وەرگیرایەوە[1]. ئەم دەرئەنجامەش بەهۆی هەڵەی سیاسی بکەران و بڕیاڕیدەری ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆمەوە بوو.

بە کردار دەرکەوت بڕیاری ئەنجامدانی پرۆسەکە و کاتی ئەنجامدانی پرۆسەکە بڕیارێکی دروست و گونجاو نەبوو. وەک ئەوەی نێچیرفان بارزانی—سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان— لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ وەرزنامەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەڵێت: بۆ کوردەکان ئەوە سەلما کە بەڕیوەبردنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆی ڕوانگەیەکی دروست نەبوو، ئەم سیاسەتی سەربەخۆیە لە ئێستادا نایەتەدی و ئەنجامی نی یە (میهر، ٢٠١٨). سەرەڕای ئەوەی کێشەی کورد ڕەوایەتی هەیە و ناوەڕۆکەکەی بریتیە لە مافی چارەی خۆنوسین (سالم، ٢٠٠٨، صفحة ١٠٨) و ئەم مافەش مەرجی پیداویستیەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی گەل و نەتەوەکانە و بە مانای جیابونەو دروستکردنی دەوڵەت دێت" (طالبانی، ٢٠٢١، الصفحات ٨٩-٩٦). بەڵام لە ڕووی تاکتیکیەوە " لە ئیستادا باشترین ڕێگا فیدراڵیە" (ئیحسانی، ٢٠٢٢، صفحة ٢٥٩). چونکە سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەرێمی[2]، لەم قۆناغەدا ڕێگە بە جیابونەوە و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی نادات.

## ئەنجام و ڕاسپاردە

پاش شیکارکردنی ڕەهەندی یاسایی و سیاسی چەمکی مافی چارەی خۆنوسین(لەسەر ئاستی ناوخۆی و نێودەوڵەتی) و ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان(٢٠١٧)، گەیشتینە کۆمەڵێ ئەنجام و ڕاسپاردە بەم شێوەی لای خوارەوە:

**یەکەم: ئەنجام**

١.لە سیستەمی یاسایی نێودەوڵەتیدا، نە سەلمێنراوە مافێک بۆ بژاردەی سەربەخۆیی تایبەت بە گەلانی نیشتمانی و کەمینەکان، هەروەها بژاردەیەک نی یە بە ناوی جیابونەوەی یەکلایەنە، بە پێچەوانەوە پاراستنی یەکپارچەی خاکی دەوڵەت لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان وەک ئامانج دیاریکراوە.

٢.لەسەر ئاستی یاسایی ناوخۆی، بە هەمان شێوە مافێک بوونی نی یە بۆ هەرێمی کوردستان کە بتوانێت بە شێوەی یەکلایەنە لە ڕێگای ڕیفراندۆمەوە چارەنوسی خۆی دیاری بکات.

٣.نەبوونی پاڵپشتی یاسایی لە سیما دیارەکانی پرۆسەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بوو، پرۆسەکە

---

[1] ئەزمونی مێژووی عێراق ئەوەی سەلماندوە کە حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی بۆ یەکلاکردنەوەی کیشە ناوخویەکانی لە گەڵ گەلی کورد پەنای بۆهێزی دەرەکی بردوە، بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٣١ بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی شێخ محمود پەنای بردۆتە بەر ئێران، بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی شیخ احمدی بەرزان لە ١٩٣٢پەنای بردوتە بەر تورکیا (ئەمین، ٢٠١٣، صفحة ٣٩٣).

[2] دروستکردنی دەوڵەت لەم قۆناغەدا کارێکی کردەیی نی یە چونکە هەلومەرجی ناوچەکە ڕێگەمان پێنادات، ئەوانەی ئەو دروشمە بەرزدەکەنەوە بەشێکی لە نەزانیە و بەشێکی بۆ بازرگانیە، دەوڵەتانی دراوسێ دەتخنکێنن لەبەر ئەوە لەم قۆناغەدا چارەنوسمان بەستراوە بە دەوڵەتی عێراقەوە (مستەفا، ٢٠١٧).

بنیاتنرابوو لەسەر دیفاکتۆی سیاسی، پاڵپشت بە: ١. پرینسیپی دادپەروەری مێژووی؛ ٢. پرینسیپی دیمکراسی؛ ٣. پرینسیپی مۆڕاڵی، کە تاکو ئێستا نەبونەتە بنەمایەکی پابەندکەر و یەکلاکەرەوە لە یاسایی ناوخۆی و نێودەوڵەتی، ئەمەش هەڵەیەکی ستراتیژی بوو.

٤.تەنها سەرچاوەیەک کە پشتی پی دەبەسترێت بۆ جیابونەوەی گەلانی نیشتمانی بریاری ٢٦٢٥ ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکانە، کە برگەیەکی تێدایە ناودەبرێت بە ″برگەی پارێزگاری یان گەرەنتی″، ئەم برگەیە مافی جیابونەوە بۆ گەلانی نیشتمانی دەسەلمێنێت لە بارودۆخیکی تایبەت و هەلومەرجێکی تایبەت، کە لە یاسایی نێودەوڵەتیدا بە (جیابونەوەی چارەسەر- Remedial Secession) ناسراوە، بەڵام کیشەی ئەم برگەیە ئەوەیە کە نەبووە بە بنەمایەکی یاسایی پابەندکەر بەڵکو دەرئەنجامە، ئەو دەرئەنجامەش پێویستی بە ڕەزامەندی گشتیە، نەبوونی ڕەزامەندی گشتی—نێودەوڵەتی— و ڕەتکردنەوەی ڕاگەیاندنی یەکلایەنە لە لایەن حکومەتی زلهێزەکانی وەک: ئەمریکا؛ ڕووسیا؛ فەرەنسا؛ بەریتانیا و هەروەها لە لایەن ڕێکخراوەکان، پارتە سیاسییەکان و دامەزراوەکانی یەکێتی ئەوروپا هۆکارێکی سەرەکی بوو لە شکستی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم.

٥.دژایەتی دەوڵەتانی ناوچەیی، هۆکارێکی کاریگەری شکستی پرۆسەکە بوو، چونکە کێشەی کورد لەو دەوڵەتانە کراوە بە کێشەیەکی ئاسایشی(Securitization) و پەیوەست کراوە بە ئاسایشی نیشتمانی ئەو دەوڵەتانەی کە بەشێک لە خاکی کوردستان دەکەوێتە ناو سنوری دەوڵەتەکانیان.

**دووەم: ڕاسپاردەکان**

١. لەبەر ئەوەی چارەسەری کێشەی کورد تەنیا لە سنووری یەک دەوڵەتدا بەدی نایەت بەبێ ڕەچاوکردنی پاراستنی بەرژەوەندی و ڕەزامەندی دەوڵەتانی تر، پێویستە پێش ئەنجامدانی هەر هەنگاوێک بە ئاڕاستەی بە دەستهێنانی مافی ڕەوای گەلی کورد، سەرەتا لە ڕێگای دبلۆماسیەوە ڕەزامەندی نێودەوڵەتی بە دەستبهێنرێت و گەرەنتی بە وولاتانی ناوچەکە بدرێت کە ئەو هەنگاوە نابێتە هۆی زیان گەیاندن بە بەرژەوەندیەکانیان.

٢. لەم قۆناغەدا، لە ڕوی تاکتیکەوە، باشترین بژاردە مانەوەیە لە چوارچێوەی عێراقدا و جێبەجێکردنی مافە دەستورییەکانی هەرێمی کوردستانە لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزی نەرم( Soft Power)، بە تایبەت بۆ چارەسەرکردنی ناوچەی کێشە لەسەرەکان، چونکە دروستکردنی دەوڵەت پێویستی بە بوونی سنورێکی جوگرافی دیاریکراو هەیە کە لە ڕووی یاساییەوە جێگیرکرابێت.

٣. داخوازی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، پشتیوانی کۆمەڵایەتی بەدەستهێناوە، ئامانجێکی ڕەوایە لە ڕووی ستراتیژییەوە و ئەستەمە پشتگوێ بخرێت بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە جیابوونەوەدا، بەڵام زۆر گرنگە پابەند بێت بە هەموو ئەو مەرج و گەرەنتیانەی کە سیستەمی یاسایی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لێ دەخوازێت، لەبەر ئەوەی ئەم ئامانجە سیناریۆیەک بوو شکستیهێنا لە ڕابردودا، بەڵام ئەگەرێکی کراوەیە بۆ دووبارە بونەوەی لە ئایندەدا.

# سەرچاوەکان

Cervera, R. C. (2019). El fracaso internacional del independentismo catalán: causas jurídicas y políticas. *Anuario español de derecho internacional*, *35*, 127-148.

Chornet, C. R. (1998). Los derechos del pueblo kurdo. Un ejemplo de los límites de la declaración de los derechos. *Anuario Español de Derecho- Universidad de Navarra*, *14*, 543-559.

Cordesman, A. H. (2017). *After ISIS*: *Creating Strategic Stability in Iraq*. Washington: Center for Strategic and International Studies (CSIS).

Crocker, E. R. (2017). *Informe del Grupo de Trabajo Futuro sobre Iraq*. Atlantic Council.

Díaz, E. L.-J. (2019). El derecho de autodeterminación según el Derecho internacional y la reivindicación de Cataluña. *Anuario Español de Derecho Internacional*, *35*, 149-178.

Espada, C. G. (2019). Los pueblos y su derecho de libre determinación (a propósito del proceso independentista en Cataluña). *Anuario español de Derecho internacional*(35), 61-82.

Espinosa, J. F. (2022). Las declaraciones unilaterales de independencia frente al estado constitucional en la comunidad internacional contemporánea. *Retos actuales del estado constitucional*, 661-698.

Frantzman, S. J. (2020, 02 15). *The Jerusalem Post*. Retrieved 02 15, 2020, from The Jerusalem Post: https://www.jpost.com/International/The-anti-Kurdish-lobby-Why-western-policymakers-often-betray-Kurds-617502

Georgieva, V. P. (2016). La crisis de Crimea y sus implicaciones en el derecho internacional. *Revista de la Facultad de Derecho de México*, *66*(266), 311-345.

Gómez, J. M. (2019). La imprecisa regulación jurídica de los procesos de secesión en el derecho internacional postcolonial. El caso de Cataluña. *Anuario mexicano de derecho internacional. vol.19*, 81-114.

GOV, K. (2017). *The constitutional case for Kurdistan's independence & a record of the Violation of iraq's constitution by Successive iraqi Prime Ministers and Ministers, the council of representatives, the Shura council, the Judiciary and the army*. París: Institut kurde de París.

House, T. W. (2012, April 4). *Office of the Vice President*. Retrieved from Office of

the Vice President: https://obamawhitehouse.archives.gov/the-press-office/2012/04/04/readout-president-and-vice-presidents-meeting-kurdistan-regional-governm

Keating, M. (1996). *Nations against the State: the new politics of nationalism in Quebec, Catalonia and Scotland* (1 ed.). London: Macmillan press.

KRP.org. (7 de February de 2015). *KRP.org*. Recuperado el ١١ de ئەیلول de ٢٠٢٣, de https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=pal5kA6IX9I=

KRP.org. (2017, Ogosto 10). *KRP.org*. Retrieved ٢٠٢٣ ,١٠ ئۆکتوبەر, from https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=MU1QnjEve6I=

KRP.org. (2017, Ogosto 22). *KRP.org*. Retrieved ٢٠٢٣ ,١٠ ئۆکتوبەر, from https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=2PzOSZX2t1M=

KRP.org. (2017, January 22). *KRP.org*. Retrieved ٢٠٢٣ ,١٠ ئۆکتوبەر, from https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=QVsSNFCPu9Y=

KRP.org. (2017, Ougust 24). *KRP.org*. Retrieved ٢٠٢٣ ,١٠ ئۆکتوبەر, from https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=9Ue5ArUvG7A=

KRP.org. (2017, Ogosto 23). *KRP.org*. Retrieved ٢٠٢٣ ,١٠ ئۆکتوبەر, from https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=V7/PJ/hVc7Q=

KRP.org. (2017, Ogosto 8). *KRP.org*. Retrieved ٢٠٢٣ ,١٠ ئۆکتوبەر, from https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=JYJ3dWOTVQM=

Liceras, J. S. (2001). *El conflicto del Sahara Occidental, reflejo de las contradicciones y carencias del Derecho internacional.* Bilbao: Universidad del País Vasco/Euskal Herriko Unibertsitatea.

López, J. J. (2016). 100 años de libre determinación de los pueblos. La evolución del principio. *Anuario español de derecho internacional, Nº 32, 2016*, 259-295.

Lucía, P. L. (2014). *El derecho de autodeterminación de los pueblos: análisis crítico del marco constitucional español desde la filosofía jurídico-política.* Oviedo: Universidad de Oviedo.

Martín, J., & Nanclares, P. d. (2015). *Reflexion juridicas a Proposito de Una Eventual Declaración Unilateral de Independentencia de Cataluña.* Madrid: Real Instituto Elcano.

Pérez, J. R.-Z. (1999). Sobre el derecho de autodeterminación y su compatibilidad con la Constitución. *Teoría y realidad constitucional*(3), 103-124.

Perilla, J. C., & García, D. E. (2020). El vacío de poder en el Medio Oriente. Análisis

del caso kurdo. *Geopolítica(s). Revista de estudios sobre espacio y poder*, *11*(2), 95-118.

Presidency.gov.krd. (2017, August 1-30). *presidency.gov.krd.* Retrieved from presidency.gov.krd: https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articlearchive.aspx

President, O. o. (2017, February 18). *White House.* Retrieved from https://trumpwhitehouse.archives.gov/briefings-statements/readout-vice-presidents-meeting-president-iraqi-kurdistan-region-masoud-barzani/

Rubin, M. (2016). *Kurdistan Rising*? (1 ed.). American Enterprise Institute.

Segovia, J. (2020). Génesis y desarrollo histórico de la autodeterminación política: autonomía, autogobierno y autolegislación en la modernidad. In M. Ayuso (Ed.), *La autodeterminación: problemas jurídicos o políticos* (pp. 17-54). Madrid: Consejo Nacional de Investigaciones Científicas y Tecnológicas (Argentina).

Spokesperson, O. o. (2015, May 5). *U.S. Department Of State.* Retrieved from https://2009-2017.state.gov/r/pa/prs/ps/2015/05/241982.htm

STS 2997/2019, CAUSA ESPECIAL núm.: 20907/2017 (Tribunal Supremo Sala de lo Penal octubre 14, 2019).

Unceta, J. A. (2008). *El Derecho Internacional de secesión.* Madrid: Universidad Complutense de Madrid.

Unceta, J. A. (2014). El secesionismo catalán en el contexto del Derecho Internacional. *Revista de ciencias jurídicas y sociales*, *17*(2), 117-155.

Zeraoui, Z. (2007). El dilema kurdo: el derecho a la autodeterminación y las exigencias estratégicas regionales. In M. R. Figueroa, *El Islám y Occidente desde América Latina* (pp. 289-316). Mexico: El Colegio de Mexico.

ابوبكر علی. (٢٠١٩). له سایەی خەمەكانی ناسیونالیزمی كوردیدا (الإصدار ١). سلێمانی: له بلاوكراوەكانی سەنتەری نەهرۆ بۆ لێكۆڵینەوەی سیاسی و ستراتیژی ، كوردستان.

بورهان یاسین، و سەردار عزیز. (٢٠١٧). دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان له ناوەوە بۆ بنیادنان، له دەرەوە دانپیانان (الإصدار ١). سلێمانی: چاپخانەی كارۆخ.

تالیب رشید یادگار. (٢٠١٣). بنەما گشتیەكانی یاسایی نیودەولەتی (الإصدار دووەم). ئەربیل: خانەی موكریان بۆچاپ و بلاوكردنەوە.

جلال طالبانی. (٢٠٢١). أغد ودیمقراطی وحرمان شعب حتی من حق الحلم (الإصدار ١). سلیمانیه: منشورات مكتب تنمیة الفكر و التوعیة فی الاتحاد الوطنی الكردستانی.

جوهر نامق سالم. (٢٠٠٨). كورد له گەمەی دەقە یاساییەكاندا (الإصدار ١). اربیل: دەزگای چاپ و بلاكلادنەوەی ئاراس.

حسین ئیحسانی. (٢٠٢٢). لێكەوتەكانی سەربەخۆی هەریمی كوردستان لەسەر ئاسایشی ناوچەیی

(الإصدار ١). (محمد کەریمخان، المترجمون) اربيل: ئینسکلوپیدیای پارتی دیمکراتی کوردستان.
خەبات عەبدوڵڵا. (٢٠٠١). بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەریی کوردستانی باشور (الإصدار ١). سلێمانی: وەزارەتی ڕۆشنبیری.
سامی شۆڕش. (٢٠٠٢). عێراق و دەوروبەری؛ کورد لەو ناوەندەدا (الإصدار ١). اربيل: ئاراس.
سەردار عزیز. (٢٠١٣). حکومەت و سامانی سروشتی لە هەرێمی کوردستان (الإصدار ١). سلێمانی: دار عربيه للعلوم ناشرين.
شۆرش حاجی. (٢٠١٨). ناسیۆنالیزمی کوردی پەرچەکردار (الإصدار ١). تاران: چاپخانە و پەخشی ماد.
صانع شەریف قادر. (٢٠٢٢). ڕاپرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە ژێر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا (الإصدار ١). اربيل: لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پ. د. ك.
عبدالحكيم خسرەو ، عبدالفتاح عەبدولڕەزاق، کاوان ئیسماعیل، چواس حەسەن، و بەختیار حیدەر. (٢٠٢٠). ڕەهەندە دەستووری و یاساییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخوییی هەرێمی کوردستان. تألیف بۆ مێژوو. اربيل: روكسانا.
عبدالرزاق شريف. (٢٦ ،٠٧ ،٢٠٢١). درەو. تاريخ الاسترداد ٢١ سیپتەمبەر، ٢٠٢٤، من درەو: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8677
عەبدولا کران. (٢٠١٧). تورکیا، داعش و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی. تألیف سەنتەری لێکۆڵینەوەی ڕوداوو، کوردستان لە دوای ئۆپەراسیۆنەکانی موصل و ڕەقە (الإصدار ١، الصفحات ١٣٠-١٧٠). اربيل: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ڕوداوو.
فارۆق رفیق. (٢٠٠٩). یەک کاتژمێری ماوە بۆ نیوەی شەو (الإصدار ١). سلێمانی: ناوەندی ڕەهەند.
فواد مطر. (٢٠١٨). الكردي المخذول رواية الدولة السراب في الوطن المستحيل (الإصدار ١). بيروت: الدار العربيه للعلوم ناشرون.
کوردی، ف) .٢٠٢٠، تەمووز ٠٢ .(کوردستان تایمز. Retrieved from کوردستان تایمز : https://kurdistantimes.org/2020/07/02/
مادلین ئۆلبرایت. (٢٠٠٩). سیاسەتی ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (الإصدار ١). اربيل: سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما.
محمد حاجی محمود. (١٢ کانونی دووەم، ٢٠٢٠). محەمەدی حاجی مەحمود: قاسم سولەیمانی پێیوتین لەکەرکوک ریفراندۆم مەکەن، تا حەمرینتان ڕادەست دەکەین. (دڵشاد ئەنوەر، المحاور) تم الاسترداد من https://www.dengiamerika.com/a/interview-with-mohamad-haji-mahmoud/5242203.html
محمود مەلا عزەت. (٢٠٠٦). حکومەتی کوردستان لە ناو مەتەڵی سیاسیەتی بریتانیادا ١٩١٨-١٩٢٤ (الإصدار ١). سلێمانی: بنکەی ژین.
مستەفا، ن) .٢٠١٧، ئایار ١٩ .(دەوڵەتی کوردی .سلێمانی Retrieved from KurdsatNews : https://www.youtube.com/watch?v=4baqvaPuN3Y&t=2s
مسعود بارزانی. (٢٠٢٠). بۆ مێژوو (الإصدار ٣). اربيل: ڕۆکسانا.

نەوشیروان مستەفا. (١٩٩٩). خولانەوە لەناو بازنەدا (الإصدار ١). لندن: مەلبەندی ئاوەدانی کوردستان.
نەوشیروان مستەفا ئەمین. (٢٠١٣). بەدەم ڕێگاوە گۆڵچنین. بەیروت: الدار العربية للعلوم ناشرون.
ئاژانسی هەواڵی میهر. (٨ تشرینی یەکەم، ٢٠١٨). ئاژانسی هەواڵی میهر. تاريخ الاسترداد ٢٢ حوزيران، ٢٠٢٣، من https://ku.mehrnews.com/news/30743